# پێڕەوی دیاریکردن لە ستانداردی کوردییدا

**محەمەدی مەحویی**

بەشی کوردیی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی

## پێشەکیی

پاش ئەوەی لە قۆناغەکانی سەرەتادا لە چێوەی ژێربێژییدا لە 'دیاریکردن' کۆڵرایەوە، زانستی زمانیش شیکردنەوەو توێژینەوەکانی خۆی لەسەر کرد. ئەم هەوڵەی بەردەستتان سەر بە بەرنامەکەی دوایییانە. دیاریکردن پەیوەندیی بە واتاوە هەیەو وەك بابەتێکی بواری سێمانتیك بینراوەو مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. دیاریکراویی سێمانتیکیی، لەم لێکۆڵینەوەیەدا، لە فەرهەنگدایەو پێواژۆکانی دیاریکردنیش لە ڕێزماندا. پەیکاڵ لەگەڵ مۆدێلە تێکەڵەکەی ئەم زارەدا (چونەناویەکی مۆڕفۆلۆژیی و سینتاکس)، پێواژۆکانی دیاریکردن لە پێکهاتەکانی مۆڕفۆلۆژیی و سینتاکسدا جێبەجێدەکرێن. واتا، دیاریکردن بە پێڕەوێك لەو دوو پێکهاتەیەدا دادەنرێت و بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، کە ژمارەیەك لە مۆڕفێمی خۆی لەگەڵ ڕێسا، مەرج و دابەشبونیاندا هەبێت، کە دەربڕدراوو پێکهاتوەکانیان پێبەرهەمدەهێنرێن. گفتوگۆکان بەتایبەتیی لەسەر مۆڕفێەکانی /ە/ ی وشەدروستکردن و ئەوەی /ە/ ی بەرهەمهێنانن. دیارە، کە هەندێك توخمی تریش هێنراونەتەوەو ڕونکراونەتەوە. بەشی یەکەم بۆ چەمکی دیاریکراویی لە فەرهەنگداو بەشی دوەم بۆ دیاریکردن لە مۆڕفۆلۆژییداو سێهەمیش بۆ ئەوەی سینتاکسی تەرخانکراوە. لە سەرەتادا هێماکان هێنراونەتەوەو زاراوەکان ڕونکراونەتەوە.

### هێماکان:

/.../ بۆ وشە، /_ .../ بۆ پێشگر، /..._/ بۆ پاشگر،

/... .../ بۆ نواندنی سەگمێنتیی: /دوور_گە/ و

<...> بۆ نواندن بە نوسیینی ستاندارد <دورگە>،

* ... بۆ ڕێگەپێنەدراو ~ ناڕێزمانیی،

** ... بۆ فۆڕمی پێکهێنراو، ~ بۆ ئەڵتەرناسیۆن،

.../... بۆ یان (سارد/گەرم)،

'...' بۆ فرێزی ناو دەق،

< بووە بە، > دەبێت بە،

### زاراوەی تایبەت و پێویست:

دوبارەکردنەوە بۆ سینتاکس (<دوور دوورە.>) و دوپاتکردنەوە بۆ مۆرفۆلۆژیی (<دەنگەدەنگ>)،

'دیاریکراویی' لە فەرهەنگدایەو 'دیاریکردن' لە ڕێزماندا. دەرکردەی دیاریکردنیش دیاریکراوە،

'دەرخستن' بە گشتیی بۆ وشە ('/سەرگەورە/، /گەورەکچ/') و پێکهاتوی ئاوەڵناویی (سەری گەورە، کچی بەتەمەن) بەکاردەهێنرێن، لەبەرئەمەیە لە 'دەرخەر' و 'دەرخراو' قسەدەکرێت.

پەسنکەر = ناو، پەسنکراو = ناو 'دەسکی دەرگا' ~ 'دەسك دەرگا'/'کوڕپلك' (سەر_ناوەکیی)

وەسفکراو = ناو، وەسفکەر = ئاوڵناو، 'چاوی شیین' /چاوشیین/ (سەردەرەکیی)

ʼپێڕەوʼ لە کەرستە، لە پەیوەندیی کەرستەکان لەناو پێڕەوی کەرستەکان خۆیاندا، کە واتا/نرخی خۆیان ئەداتێ (کێڵگەی واتایی وشەکان، پێڕەوی فۆنێمەکان)، لە پەیوەندیی خستنەتەکیێك و خستنەپاڵیان بۆ دروستکردن لە مۆرفۆلۆژییداو بۆ بەرهەمهێنان لە ڕستەداو لە پەیوەندیی نێوان پێڕەوەکانی ڕێزمان لەگەڵ تەواوی ڕێسا، یاسا، مەرج کۆتوبەندەکانیان پێکهاتووە.

ʼپێکهاتەʼ بۆ پێڕەوەکانی ڕێزمان (مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس و فۆنۆلۆژیی) بەکاردەهێنرێت. پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی بۆ دروستکردنی وشەی نوێیەو ئەوەی سینتاکس بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەیە. ئەم پێکهاتانە دەشێت توخم و ڕێساو مەرجی هاوبەشیشیان هەبێت. هەر یەکەیشیان ئاستی تایبەت بەخۆی هەیە.

ʼدروستەʼ structure چەشنی خستنەتەکیێك (ماڵ پلکم) و خستنەپاڵی (ماڵی پوورم) توخمەکانی زمان دەگرێتەوە لە دروستکراوو بەرهەمهێنراوەکاندا: وشەی لێکدراو دروستەیەکی لێکدراوی هەیەو هەیشیانە خاوەنی لێکدانەوەی لێکدراویشن.

هەرچەندە زاراوەی ʼدروستەʼ بۆ وشە دروستکراوەکانەو ʼپێکهاتووʼ coponent یش بۆ دەستەواژە، فرێزو ڕستەیە، بەڵام هەر یەکەیشیان دروستەی بۆبەکاردەهێنرێت، چونکە خاوەنی دروستەی ناوەوەی خۆیانن. زانای زانستی زمان لە دروستەی سینتاکسیی ڕستەو لەوەی وشەیش دەدوێت، بۆ نمونە.

دروستکردن و بەرهەمهێنان: بە مەبەستی دانانی سنورێك لەنێوان پێکهاتەکانی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا، لێکۆڵەر زاراوەکانی ʼوشە دروستکردنʼ و ʼلێڵیی واتاییʼ بۆ پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی و ʼبەرهەمهێنانʼ و ʼتەمومژییʼ یش بۆ سینتاکس دادەنێت. لە مۆرفۆلۆژییدا دروستکردن هەیەو لە سینتاکسیشدا بەرهەمهێنان.

ʼکرداری ئاڵۆزʼ بۆ مۆرفۆسینتاکس تەرخانە (ʼگرتمیتʼ) و ʼپێکهاتوی خاوەندارێی و بۆگەڕاوەی ئاڵۆزʼ یش بۆ پێکهاتوی تر بە کەسی لکاوەوە (ʼخانوەکەی منʼ ~ ʼخانوەکەمʼ)،

ʼلێڵییʼ لە وشەکانداو ʼتەمومژییʼ لە پێکهاتوە سینتاکسیەکاندا.

لێکۆڵەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا لەم لایەن و بۆچونانەوە دەردەچێت:

(ا) گریمانە_1: هەرچەندە دیاریکردن لەڕوی واتاوە (سێمانتیك) فراوان و بەربڵاو لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوەو دەکرێت، بەڵام دەبێت دیاریکراویی لە فەرهەنگدا بێت و پێواژۆکانی دیاریکردنیش پێڕەوێکی گرنگی ڕێزمان پێکبهێنن ۃ. شیکردنەوەو توێژینەوەکان بۆ بەدواداچوون و سەلماندنی دروستیی ئەم گریمانەیەن لە زمانی ستانداردی کوردییدا.

(ب) گریمانە_2: لێکۆڵینەوەکە لەسەر ڕێزمانی ستانداردی کوردییە: لەگەڵ ئەوەیشدا، کە ئەم زمانە ʼزمانێکی تێکەڵʼ ە ۃۃ، یان ئەوەتا بۆ وشە دروستکردن لە مۆرفۆلۆژیی و بەرهەمهێنان لە سینتاکسدا دوو مۆرفیمی دیاریکردنی هاوبێژی /ە/ و یەك مۆرفیمی خستنەپاڵی /_ی/ هەن، یان هەر ئەو دوو /ە/ یە یەك مۆرفیمن و لە دوو پێکهاتەی جیاوازدا کەم یان زۆر جیاواز گۆدەکەن.

لێکۆڵەر وەهایدادەنێت، کە مۆرفیمی /ە/ ی وشەدروستکەری مۆرفۆلۆژیی لە هاوبێژەکەی /ە/ ی بەرهەمهێنەر لە سینتاکسدا جیاوازە. واتا، کە هەردوکیان یەك مۆرفیمی /ە/ نیین. دەبێت هەمان چشت بۆ مۆرفیمی /ی/ ی خستنەپاڵ لە دروستکردتی وشەی فرێزیی و بەرهەمهێنانی فرێزی **خستنەپاڵییدا** نەخوات. ئەم خاڵە دەریدەبڕێت، کە دیاریکردن لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا هەمان توخمی هاوبەشیان نییە. ئەمەیش دەبێت لەگەڵ ڕێزمانە تێکەڵەکەی زمانەکەدا بگونجێت.

کەواتە هەوڵدەدرێت لەناو فەرهەنگدا ئاماژە بە دیاریکراوی ناوی تایبەتیی و دیارینەکراویی جێناوی نادیار بدرێت لەگەڵ مۆرفێەکانی دیاریکردن بۆ مۆرفۆلۆژیی و بۆ سینتاکس. هەروەها کاریش بۆ ئەوەدەکرێت ژمارەیەکی هەڵاوێرکراوی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوەکە لە پێواژۆکانی دیاریکردن بەو مۆرفێمە فەرهەنگیانەو بە دروستە خستنەپاڵیی و خستنەتەکیەکیەکان لە مۆرفۆلۆژیی و لە سینتاکسدا گفتوگۆیان لەسەر بکرێت. بەم جۆرە بە پێڕەوی دیاریکردن و لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئاشنادەبین. هەرچەندە لەسەروو ئەوانەیشەوە، فۆنۆلۆژیی و بەتایبەتیی فۆنۆلۆژیی سەروو_سەگمێنتیی لە ئاخاوتنەکاندا بەشداریی لە دیاریکردندا دەکات، بەڵام لەم هەوڵەدا جێگەی ئەم بابەتە نابێتەوە.

**(پ) کارکردن لە چێوەی تیۆرییەکی هەمانکاتییدا، نەك دیرۆکییدا: زمان بۆ گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتنەو بەگشتیی لەڕوی فۆڕم و واتاوە زانیاریەکانی قۆناغەکانی پێشتر لە گەشەکردنی مێژویی زمانەکەدا سودێکیان بۆ ئەو لەیەکگەیشتنەی ئەمڕۆمان نییە. گەشەکردنە مێژوییەکە تەنها وەك بەڵگەی دەرەکیی لە لێکۆڵینەوەکاندا بەکاردەهێنرێت (/ساڵ/ < /سار/ بۆ دیاریکردنی جێکەوتەکانی /ڵ/ و /ڕ/، /رۆژە/ : /روزگار/ < /ڕۆژگار/ /ئەیەرۆ/ >/ئەیەڕۆ/، <ساڵێك دوازدە مانگە>. ناوە ئاوەڵکردارییەکەی /ساڵێك/ کاتی خۆی بەواتای (ماوەیەکی دورودرێژ/*دوورو درێژ) ەوە نەبوە، وەك لە <ساڵێکە وەستاوم/چاوەڕێدەکەم> دا هەیە). لێکۆڵینەوەکانی لێکۆڵەر هەمانکاتیین، پێڕەوبەندانەن** systematic **و لەسەر پێڕەون.**

**(ت) لێکۆڵینەوەکە لە چێوەی مۆدێلی ڕێزمانەکەی قوتابخانەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا دایە. ڕێزمان بۆ زۆربەی زمانەوانەکان تێیدا بریتییە لە پێکهاتەکانی سینتاکس و مۆڕفۆلۆژیی، بەڵام لەبۆ مۆدێلی ڕێزمانەکەی ئێمە لە پێکهاتەکانی سینتاکس، مۆڕفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی پێکهاتووە. 'واتا' لە هەردوو مۆدێلەکەدا لە هەمو پێکهاتەو ئاستەکاندا بونی هەیە، بۆیە زمانەوانەکان لەو باوڕەدان و کار بەو بۆچونە دەکەن، کە دەبێت سیمانتیك پێکهاتەیەکی ڕێزمان نەبێت و لەبەر ئەمانەیشە دەگوترێت، کە واتا سرکەو ناگیرێت. مۆڕفێم و توخمە جۆراوجۆرەکانی دیاریکردن لە فەرهەنگدا تۆمارکراون و لێیەوە دەهێنرێنە ناو جێکەوتەکانی وشە، گریێ و ڕستەکانەوە، بۆ ئەوەی وشەنوێ دروستبکرێن، ڕستە بەرهەمبهێنرێت و دیاریکردنەکان بکرێن. ڕستەی سەرجێناویی (<ئەو پیاوانەی، کە لێرە بوون، کورد بوون.>) نمونەیەکی بەرهەمێنانی دیاریکردنە لە سینتاکسدا.**

**وشەکان/ناوەکان بۆ چشتەکان دادەنرێن. ئاماژەبەندیی زاراوەیەکە بۆ پەیوەندیی نێوان وشەکەو چشتە ڕاستەقینەکەی لە دەرەوەی زماندا. ناوەکان واتای گشتییان هەیە، بەڵام ناوی تایبەتیی ئاماژە بۆ چشتی دیاریکراوو تایبەتیی دەکات (بڕوانە خوارتر!). بۆ تێگەیشتن لە وشەیەك، دەبێت ئاماژەبەندەکەی بدۆزینەوەو پێکهاتەکانیشی بناسیین. وشەکانی ناو کێڵگە واتاییەکان لەگەڵ یەکتریدا لە پەیوەندیدان. چشت خاوەندی ئەدگاری ناوەکیی و سیمای دەرەکییە. لە تیۆریی هێمالۆژییدا، وشە مەرجە بۆ ئەوەی بتوانرێت بیرەکان بهێنرێنەدەرەوە. لەمانەوە ئەوە ئاشکرادەبێت، کە بەتەنها 'ئاماژەبەندیی' بۆ واتا_دیاریکردن بەس نییە**[ةةة].

**دیاریکردن لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە چێوەی 'تیۆریی سیمانتیکی ئاماژەبەندیی'دا** reference semantic **لێیدەکۆڵرێتەوە**[ة]**. ئەمیش لقێکی 'زانستی لە زمان_بەدەر' ەو لە مەرج و یاساکانی گەڕانەوە بۆ دنیای ڕاستەقینەی دەرەوەی زمان و پەیوەستبوون بە دنیای نازمانییەوە دەکۆڵێتەوە. تیۆریەکە لە چێوەی کردەئاخاوتنیەکاندا هێنراوەتەئاراوە، بۆ ئەوەی ئەو نیشاندەرانە** indices **بپشکنرێن، کە قسەکەر لەڕێیانەوە خۆی بە ناو_بۆدانراوەکانی دنیای دەرەوەوە دەبەستێتەوە. شیکردنەوەو توێژینەوەکان لەسەر ئاماژەبەندیی کەرەستە زمانیەکان دەکات، کە وشەو دەربڕدراوەکانن.**

**سیمانتیکی باووڕۆیشتوو خۆی بە پەیوەندیەکانی نێوان ناو (وشە) و چشتەکانی دنیای دەرەوەوە خەریکدەکرد (بڕوانە 'ئاماژەبەندیی'!). لە تیۆری کردە ئاخاوتنیەکاندا وەها هاتووە، کە قسەکەر لەڕێی دەربڕینە زمانیەکانی جێناو، ناوی تایبەتیی و دەربڕینە ناویەکانەوە چشتەکانی دنیای ڕاستەقینە دەناسێتەوەو دیاریاندەکات (بیشڕوانە 'فۆڕمەکانی ئاماژبەندیی': لیمۆ محمود تۆفیق** (2012: 150) **دا!) .**

**دیاریکردن لەسەرەتادا لە دەرەوە بەرەو زمان دەڕوات. بەدەر لە ناوە تایبەتیەکان، وشەکان خۆیان لە فەرهەنگی ئاوەزییدا واتای گشتییان هەیە، بەڵام بەو واتایەوە دیاریکراوییان هەیە، کە ئەوانەی داوایدەکەن (ئارگومێنتەکانیان) تێیدا دیاریکراون. توێژینەوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتیین لە دیاریکردن لەڕێی ئاماژەبەندەوەو ئەو دیاریکردنانە دەگرێتەوە، کە بەهۆی توخم و ئامرازەکانی 'دیاریکردنی ئاماژەبەندیی مەوقیف_وابەستە'ی وەك ناوی تایبەتیی، جێناو، دەرخەرەکان، دەربڕی ئاماژە_نیشاندان و ئاوەڵناوی نیشاندان دەکرێن: (ا) ئەمیان بریتییە لە دیاریکردنی مۆڕفۆلۆژیانە. واتا، دەربڕدراوە زمانیەکان لە پێکهاتەی مۆڕفۆلۆژییدا وەك کەرەستەی دیاریکراوی زمانیی دەستنیشاندەکرێن. واتاو دیاریکردنیان لە ڕێگای لەیەکدان، هەڵگواستن و چەشنەکانیانەوە دەکرێن. (ب) دیاریکردنی سینتاکسیی لەڕێی بەرهەمهێنانی فرێز بە دەرخەرەکان** modifiers**، دیاریکەرەکان** determiners **و توخمەکانی تر لەگەڵ فراوانکردنیانەوە سەردەگرێت. کەواتە، دیاریکردن لە ڕستەدا بە** specificities **جێبەجێدەکرێت. دەبێت دیاریکردن لەو دوو پێکهاتەیەدا پەیوەندیی تەواویان بەیەکەوە نەبێت.**

(ج) ناوە بنەڕەتیەکانی ناو فەرهەنگ واتای (گشتیی) یان هەیەو لێڵن، بەڵام وشە مۆرفۆلۆژیەکان و پێکهاتوە سینتاکسیەکانی ناو ڕستەو دەربڕدراوەکان ڕوونترو ڕوونترن. واتا، مۆرفیم بۆ دیاریکردن لە فەرهەنگدا هەن، بەڵام وشە مۆرفۆلۆژیە بەلێکسیمبوەکان (/بنمییچ/، /گردەبراوەکە/) و فرێزە چەسپاوەکانیش (/موی لووت/ (بێزارکەر)) ڕونیی خۆیان هەیە، بەمەرجێك واتای لێکدەرەوەییان هەبێت، نەك نالێکدەرەوەیی.

بەڵگەکان:

بەڵگەی ئەزموونبەندیی نمونەو داتاکانی ناو زمانەکە خۆی و بەتایبەتیی وەچەپێڕەوەکانی ناو پێڕەوی دیاریکردنن لەگەڵ توخمەکانیاندا (مۆرفیم و پێکهاتوەکانیان). پەیوەندیی نێوان وەچەپێڕەوەکان و لەیەکچوون و جیاوازیی لە مەودا، ئاراستەی دیاریکردن و دەربڕینی توخمەکاندا بۆ سەلماندنی ئەو بانگەشەیە پێویستن، کە دەڵێت 'دیاریکردن' پێڕەوێکی ڕێزمانی ستانداردی کوردییە. لەگەڵئەوانەیشدا هاتن و دەرکەوتنی دیاریکەرەکان لەگەڵ ئەو ڕاستیەدا، کە هەمو مۆرفێمەکانی وشەدروستکردن بۆ دیاریکردن نین، بۆ نمونە، مۆرفێمی بەندی /و/، ئاماژەی بەهێزە بۆئەوەی، کە دیاریکردن وەك پێڕەو خاوەنی توخم و مەرجی خۆیەتی.

1) دیاریکردن چییەو بۆچیی؟

زمان هۆی سەرەکیی گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتنە. دیاریکردن ڕۆڵێکی سەرەکیی لەو پێواژۆیەدا دەگێڕێت. دیاریکردن_1 لە مۆرفۆلۆژیی و دیاریکردن_2 لە سینتاکسدا دەکرێت. هێماکان واتای گشتییان هەیەو کاتێك قسەکەر دەدوێت، پێویستە ناوەکان بەتایبەتیی و چشتەکان بە گشتیی دیاریبکات، تاوەکو قسەلەسەرکراوەکان/ئاماژەبەندەکان بۆ گوێگر ئاشکرا بن و لە ناوەرۆکی قسەکانی قسەکەر بگات. ناو واتای گشتیی هەیەو لەڕستەدا بە تاق ڕانەبوردوو یان کرداربەندییەوە بۆ واتای گشتیی، هەمیشەیی و عادەتیی بەکاردەهێنرێت (ڕستەی (1)). ئەگەر قسەکەر بەم شێوەیە بە گشتیی نەدوێت، پێویستە ئارگومێنتەکان دیاریبکات. ئەمیان بەتایبەتیی بۆ ئەو ڕستانە دەخوات، کە کردارەکانیان لە تاق ڕابوردوو دان (2). ناوی /باوك/ لە ڕستەی (2_ب) دا بە کەسی لکاوی خاوەنداریی و بۆگەڕاوەیی /_م/ دیاریکراوەو فرێزە کرداریەکەی شێوەی (1_ا) لێکدانەوەی وشەیی /جگەرەکێش/ ی هەیە. لە دەربڕدراوی وەك <پیاو قسەدەکات.> دا، بە واتای (من پیاوم و قسەدەکەم/گفتدەدەم) دوە، 'پیاو' جیاکراوەیەو هێزی تایبەتیی لەسەرە، بۆیە ڕێگەپێدراوە.

1_ ا) پڵنگ گۆشت دەخوات. (پڵنگ گۆشتخۆرە)

_ب) پیاو سەریدەتاشێت و ئافرەت قژیدەبڕێت.

_پ) زستان ساردەو هاوین گەرم.

2_ا) پیاوەکە جگەرەکەی کێشا.

_ب) *پیاو جگەرەکەی کێشا _پ) *پیاو جگەرەی کێشا

_پ) باوکم جگەرەدەکێشێت. (باوکم جگەرەکێشە)

هەر کە قسەکەر مەبەستی بێت بکەر ئاشکرانەکات، یان بکەری ڕستە دەرنابڕێت یان فرێزی نەناسیاریی بەکاردەهێنێت یان بە باری بکەرنادیار passive vioce دەدوێت و وشە، ڕستیلە clause و ڕستەی لەو چەشنەیش بەدوای نا_ئاشکراکراوەکەدا ناهێنێت، کە ئاماژەی ڕاستەوخۆ بن بۆ ناسین و ناسینەوەی بکەرەکە. بەگشتیی، مۆرفێمی دیاریکەری نەناسیارییش هەم بۆ بکەرو هەم بۆ بەرکارەکان بەکاردەهێنێت، تاوەکو ئەمیش بە دیارینەکراویی/نەناسراویی بمێنێنەوە. بەکارهێنانی وشەی بنەڕەتییش واتای گشتیی هەیەو بۆ ئەم ویستەیش سودیلێدەبینرێت. ناتوانرێت فرێزی دیارینەکراوی (نەناسیاری) ڕستە سەر پشکیانە بە فۆنەیتیکیی بەرجەستەنەکرێت (3_ب)، (بڕوانە 'پلەداریی دیاریکردن' !).

3_ا) دزەکە گیرا. ~ (دزەکە) گیرا.

_ب) دزێك گیرا. ~ *(دزێك) گیرا

4_ ا) مجێور خزمەتی خانەقا دەکات.

_ب) مجێورەکە خزمەتی خانەقا دەکات. (ئەگەر گوێگر مجێورەکە (و خانەقا) بناسێت)

_پ) ؟؟مجێورەکە خزمەتی خانەقا دەکات. (ئەگەر گوێگر مجێورەکە نەناسێت)

_پ) مجێورەکەمان خزمەتی خانەقا دەکات. (دیاریکردنی تەواو (زۆرتر) نزیککردنەوە لە ئاماژەبەن

_پ) مجێورەکەمان خزمەتی خانەقاکەمان دەکات. (دیاریکردنی تەواو ورد (–ئاماژەبەن)

5_ا) مامۆستا خوێندکاری خۆشدەوێت. (گشتیی)

_ب) مامۆستا خوێندکارێکی خۆشدەوێت. (دیاریکراوی نەناسراو/نەزانراو)

_پ) مامۆستا خوێندکارەکەی خۆشدەوێت. (دیاریکراوی ناسراو/زانراو)

_ت) مامۆستا خوێندکارە زیرکەکەی خۆشدەوێت. (دیاریکراوی ناسراویی تەواو)

_ج) مامۆستا خوێندکارە زیرەکەکەی تەنیشت تۆی خۆشدەوێت.

(دیاریکراوی ناسراوی تەواو ورد/تەواوەتیی)

لەو ڕستانەی (5) دا، (ا) قسە بە گشتیی لە /مامۆستا/ دەکرێت یان (ب) لە مامۆستایەکی ناسراو بە قسەکەرو گوێگر. واتا، ناسراویەکە بریتییە لە دیاریکراویی و ئەمەیش بەکارهێنانی دیاریکەری لەگەڵدا کەم_بەها irrelevant کردووە. دەتوانرێت /مامۆستا/ و /خوێندکار/ دیاریبکرێن (7_1) بۆئەوەی ئەوە دەربیڕدرێت، کە هەم /مامۆستا/ و هەم /خوێندکار/ یش لەلایەن قسەکەرو گوێگرەوە ناسراون. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەگەری ئەوە هەیە /خوێندکار دیارینەکرێت و بە گشتییش لە خوێندکار قسە بکرێت (7_ب).

6_ا) مامۆستا قوتابیی خۆی خۆشدەوێت.

_ب) مامۆستا لای هەموان خۆشەویستە.

7_ا) مامۆستاکە خوێندکاری خۆی خۆشدەوێت.

_ب) مامۆستاکەمان خوێندکاری خۆی خۆشدەوێت.

_ب) مامۆستای ڕێزمانەکەمان خوێندکاری خۆی خۆشدەوێت.

مرۆۋ بەگشتیی وشەو دەربڕدراوە دیاریکراوەکان و کەمتر دیارینەکراوەکانی لە گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتنداو بۆ پەسنکردن، هەواڵ_لەبارەوە_دان و گێڕانەوەی چشت و ڕوداوەکان بەکاردەهێنێت. بەراوردکردنێکی کردارو ڕستەی بکەردیار هەمبەر بەوانەی بکەرنادیار ئەمە دەردەخات .

چەمکی دیاریکردن: دیاریکردن چەمکێکی واتاییەو دەتوانرێت لەڕوی سێمانتیکەوە فراوان و بەربڵاو لێیبکۆڵرێتەوە. دیاریکردنەکە وەك چەمك ئەم واتایانەو واتای دییکەیش دەگرێتەوە.

خشتەی (1): هەندێك لە واتاکانی دیاریکردن

سنوربۆدانان limitation

ئاماژەبۆکردن denoting

پەسنکردن description

پێناسەکردن definition

دیاریکردنی تایبەتمەندیی و ئەدگار specification

دەرخستن/دیارخستن modifying

دیاریکردن determining

نیشاندان/نیشاندەر

1/1) چۆن و بۆچیی 'دیاریکردن' پێڕەوە؟

بەر لە هەرچ چشتێك، دەبیت بگوترێت کە دیاریکردن دیاردەیەکی زمانیی نییەو چووەتەناو ڕێزمانەوەو بەشێکە لە ڕێزمان. لە ناونیشانی 'پێڕەوی دیاریکردن' دا، زاراوەی 'دیاریکردن'، بەو واتایەوە هێنراوەتەوە، کە بۆ خۆی لە ڕێزماندا پێڕەوێك پێکدەهێنێت. پێڕەوە تەواوەکە بەتایبەتی لەوەی پێکهاتەی مۆڕفۆلۆژیی و ئەوەی سینتاکس پێکدێت. ئێستا ئەم بانگەشەیە پێویستی بەوەیە بەم هەنگاوانە بسەلمێندرێت و ڕونبکرێتەوە:

1_1/1) پلەداریی دیاریکردن

دیاریکردن لە گشتییەوە دەستپێدەکات (ناوەکانی ناو فەرهەنگ: /کوڕ، کورد، دار، درەخت، ماسیی، .../) لەگەڵ نادیار (/کەس، هەرچ/) بەرەو چەشنەکانی دیاریکردنی مۆڕفۆلۆژیی (/کوڕانە، کوڕێنیی، کوردیی، کوردێتیی، کوردایەتیی، بەرزیی، نەرمیی/) و سینتاکسیی ('کوڕەکە'، 'کوڕێك'، 'کوردێك'، 'کوردەکە'، 'دارێك'، 'کەسانێك') و نیمچە_دیاریکردن (/بەرزایی، نەرمایی/) و دیاریکردنی تەواو ('کوڕەکە') و دیاریکردنی تەواو ورد ('کوڕە کوردەکە') و دیاریکردنی تەواوەتیی ('کوڕە کوردەکەی زاواتان') دەڕوات (بیشڕوانە ڕستەکانی (3_5)!). پەیوەست بە مۆڕفۆلۆژییەوە وشەی دروستکراو هەیە، کە تەنها یەك وشەی هەیە (/سەرانە/ (لێسەندنی پارە بەزۆر)، /بنمیچ/، /بندیوار/، /بناوان/) و ناونراوە 'وشەی تاقانە'. ئەمانە شێوەی وشە سادەکان دیارنەکراون. هەیانە پەرادیگمایەکی لاوازیان هەیە، واتە لە دوو تا سێ وشەی مۆڕفۆلۆژیی زۆرتر نیین. دیارە، کە دیاریکراویی سنورداریان هەیە (/ڕۆژانە/، /مانگانە/). ئەو وشە مۆڕفۆلۆژیانەی، کە پەرادیگمای تەواویان هەیە، زۆرترین دیاریکراویی نیشاندەدەن (/باخەوان/، /پاسەوان/، /دارەوان/، /شاخەوان/، /مەلەوان/ و ...). کەواتە کەم و زۆریی ژمارەی وشە دروستکراوەکان ئاماژەن بۆ پلەی دیاریکراویی دەرکردە مۆڕفۆلۆژیەکان. بەم پێیە، بەرهەمە سینتاکسیە دیاریکراوەکان بەرزترین پلەیان لە دیاریکردندا هەیە، ئەگەر پێکهاتوی دیارینەکراو نەبن بە توخمی دیارینەکردنەوە.

لە فەرهەنگی ئاوەزیی کوردییدا وشەکان واتای گشتییان هەیەو بۆ چشتی سروشتیی، خوو (عادەتیی) و هەمیشەیی بەکاردێن (بڕوانە نمونەکانی (1)!). ئەوە جۆری قسەکردنە، کاتێك مرۆڤ بە گشتیی لە چشت دەدوێت، دەنا پێویستە چشتەکانی، دەربارەیان دەدوێت یان دەیانگێڕێتەوە، دیاریبکات، واتە دیارییانبکات بەو جۆرەی، کە ناسراون یان نەناسراون. /کوڕ/، بۆ نمونە، ئەم نیشانە واتاییانەی هەیە: (ناو، مرۆڤی نێر، لە سکی دایك و لەدایکبونەوە تا ژنهێنان). لەبەرئەوە هەر مرۆڤێك لە هەرچ ڕەگەزێك بێت، کورد بێت یان نا، خاوەنی ئەو نیشانانە بێت، کوڕە. لە گرێی 'کوڕەکە' دا، قسەکەرو گوێگر زانیاریەکی پێشینەیان دەربارەی قەدەکە ('کوڕ') هەیەو بەم جۆرە یەك کوڕی ناسراو جیاکراوەتەوە. بە گرێی 'کوڕێك'، قسەکەر لەناو هەموو ئەو کوڕانەدا یەکێکی نەناسراوی جیاکردوەتەوە. ڕاستە، کە دەبێت دەستەواژەی 'کوردەکە' قەدەکە ('کوڕ') دیاریبکات، بەڵام بەیارمەتیی /_ەکە/ 'کورد' ە گشتیەکەیش 'کوڕ' ی ناساندووە. بۆ دیاریکردنەکە، پێڕەوەکە توەخم و دروستەی مۆڕفۆلۆژیانەو سینتاکسیانەی تایبەت بە خۆی هەیە. تۆخمەکان مۆڕفێمەکانی دیاریکردنن، کە لە فەرهەنگدا هەڵگیراون.

هەر ئێستا ئاماژە بە دیاریکردنی وشەدروستکردن (/کردە، سەرکردە، گەنمەشامیی، سەربان، ژێرخان/) لە مۆڕفۆلۆژیی و دیاریکردنی سینتاکسییش لە سینتاکسدا ('کوڕە کوردەکە') درا. لە 'کوڕەکوردەکە' دا، 'کورد' ناوی ئاوەڵناوییەو بە مۆڕفێمی ناسیاریی /_ەکە/ دیاریکراوە. دەستەواژەی 'کوردەکە' دەبێتە دیاریکەری 'کوڕ'. مۆڕفێمی /ە/ 'کوڕ' نیشانەدەکات و دەریدەبڕێت، 'کوردەکە' بۆ 'کوڕ' دەگەڕێتەوە. ئەمە بریتییە لە 'دیاریکردنی ناوەکیی'. بە مۆڕفێمی دیاریکەری /_ە/.

سەگمێنتی /ە/ نیشانەی دیاریکردنە بە جیاکردنەوەو پێوەی لکاوە. کەواتە دەبێت دروستە سینتاکسیەکەی تەواوی گرێکە [کوڕە [[ کورد] ەکە]] بێت، نەك [[کوڕە ] کورد] ەکە]]]. ئەم ڕونکردنەوەیە دەمانبات بەرەو ئەو ڕاستییەی، کە دەبێت نادیاریکردن و دیاریکردنی تەواوو تەواو ورد لە سینتاکسدا بکرێن.

8_ا) لە سلێمانیی/لەشەقامی سالم (نیمەچە_دیاریکردن)

_ب) لە سلێمانیی/لە شەقامی سالم (دیاریکردن بۆ وەستاو)

9_ا) بە سلێمانییدا/بە شەقامی سالمدا تێپەڕیم (دیاریکردن بۆ جوڵە)

_ب) لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر (دیاریکردنی سەرەتای جوڵەی ئامانجدار)

10_ا) له شه‌قامی سالمی شاری سلێمانیی (دیاریکردنی ته‌واو)

_ب) له‌شه‌قامی سالم به‌ر ته‌لاری کارووخ (دیاریکردنی ته‌واوتر)

_پ) له شه‌قامی سالم له‌به‌ر دوکانه‌که‌ی ئاغادا (دیاریکردنی ته‌واو ورد) له ژوره‌وه

_ت) له شه‌قامی سالم به‌به‌ر دوکانه‌که‌ی ئاغادا تێپه‌ڕیین. له کونی ژوره‌وه

11_ له شه‌قامی سالمی شاری سلێمانییه‌وه به‌ره‌و هه‌ولێر

(دیاریکردنی ته‌واووردی سه‌ره‌تای جوڵه‌ی ئامانجدار)

1/1_2) دیاریکردن وه‌ك 'واتا' سرك نییه

ڕێزمانی (ك ن) مۆدێلێکی تێکه‌ڵی هه‌یه. یه‌کێك له لێکه‌وته‌کانی ئه‌م مۆدێله، له‌گه‌ڵ توخم و پێواژۆی جیاوازدا، هه‌بونی توخمی هاوبه‌ش و هه‌مان پێواژۆی ڕێزمانیی دیاریکراون له هه‌ردوو پێکهاته‌که‌دا. فه‌رهه‌نگ وه‌ك گه‌نجینه‌ی مۆڕفێه‌کان (سه‌ربه‌خۆ/وشه‌و ناسه‌ربه‌خۆ/لکاو) تێکرده‌یه بۆ دروستکردنی وشه له پێکهاته‌ی مۆڕفۆلۆژییداو بۆ به‌رهه‌مهێنانی ڕسته‌و ده‌ربڕدراو له‌وه‌ی سینتاکسدا. کرداری ئاڵۆز/مۆڕفۆسینتاکس ڕسته‌یه به مۆڕفێم، له‌به‌رئه‌وه پێواژۆ فۆنۆلۆژیه‌کانی به‌سه‌ر فۆنێمه‌کانی دروستکراوو ئه‌م به‌رهه‌مهێنراوانه‌دا دێن، وه‌کیه‌کن/له‌یه‌کده‌چن، به‌ڵام ته‌رزی هیزو ته‌وژمیان جیاوازه : چونکوم پێڕه‌وه ته‌واوه‌که توخمی فه‌رهه‌نگیی و مه‌رجی خۆی هه‌یه، 'دیاریکردن' شێوه‌ی 'واتا' سرك نییه‌و گرتنی گران نییه. له‌به‌ر ئه‌مه‌یش، که ته‌نانه‌ت پله‌کانیش به وردیی ده‌ستنیشانده‌کرێن.

1/1_3) پێڕه‌وی دیاریکردن هه‌مبه‌ر به‌وه‌ی دیارینه‌کردن

ڕێزمان به بنه‌مای دوو_په‌لکیی و ڕێسای دابه‌شبونی ته‌واوکه‌رانه کارده‌کات. له هه‌بونی پێڕه‌وی دیاریکردندا، ده‌بێت پێڕه‌وێکی دیارینه‌کردنیش هه‌بێت. واتا، وه‌چه‌پێڕه‌وێکی پێڕه‌وی دیارکردن ئه‌وه‌ی هه‌مبه‌ره‌که‌یه‌تی، که دیارینه‌کردنه: تا پله‌ی گشتێتیی که‌مبێته‌وه، دیاریکراویی زۆرتر ده‌بێت، بۆیه ناوه ته‌واو گشتیه‌که سه‌ربه‌خۆو به‌ته‌نها له ڕسته‌دا وه‌ك ئارگومێنت گۆناکات، ئه‌گه‌ر ناوه‌که بۆ کرده‌یه‌کی هه‌میشه‌یی، پیشه‌یی یان عاده‌تیی نه‌بێت (بڕوانه نمونه‌کانی (1)!). ناوی که‌س و تایبه‌تیی که‌مترین گشتێتییان له‌ناو ناوه‌کاندا هه‌یه، بۆیه مۆڕفێمی دیاریکه‌ری نه‌ناسراویی وه‌رناگرن، به‌ڵام ئه‌و ناوانه‌ی، که که‌متر گشتیین، وه‌ریده‌گرن. به‌م جۆره، هه‌بونی دیارینه‌کراویی هه‌مبه‌ر به دیاریکراویی ده‌وستێته‌وه‌و به هه‌ردوکیان پێڕه‌وێك پێکده‌هێنن.

12_ /کوڕ/، /زستان/، /ئارینا/ (گشتیی به پله‌ی جیاوازه‌وه) :

_ا) *کوڕ هات

_ب) کوڕه‌که هات. ~ کوڕه خوێندکاره‌که‌ی دراوسێتان هات.

_پ) کوڕێك هات. ~ کوڕێکی خوێندکار هات.

_ت) زستانێکی سارده.

_ج) ئارینا خوێندکاره. ~ *ئارینایه‌کی خوێندکاره

مۆڕفێمی دیارکردنی جیاکردنه‌وه گرێی ناسراویی و نه‌ناسراویی وه‌رده‌گرێت، نه‌ك ناوی ته‌نها. ئه‌م هاوبه‌شیه‌ی ناسیاریی و نه‌ناسیاریی پشتڕاستکردنه‌وه‌یه‌کی هه‌بونی پێڕه‌وی دیاریکردنه به دوو وه‌چه‌پێڕه‌وه‌که‌یه‌وه، که دیاریکراوو دیارینه‌کراون. جێناوی لکاوی خاوه‌نداریش هه‌مان ڕونکردنه‌وه به‌ده‌سته‌وه‌ده‌دات. ئاوه‌ڵکردارییی سنوردانانی /ته‌نها/ و /هه‌ر/ بۆ جیاکراوه‌که‌یش به‌کارده‌هێنرێت.

13_ا) کوڕه‌که‌ی من ~ کوڕه‌که‌م ، کوڕێکی من ~ کوڕێکم،

_ب) ته‌نها/هه‌ر کوڕه‌که‌ی من ~ ته‌نها/هه‌ر کوڕه‌که‌م

_پ) کوڕه‌که‌یان برامه‌و کچه‌که‌یان خوشکمه.

ته‌نها/هه‌ر کوڕه‌که‌یان برامه‌و هه‌ر کچه‌که‌یشیان خوشکمه.

ناوە تەواو دیارینەکراوەکان بە پاشگری /_ان/ دەکرێن بە کۆ، بەڵام هەر بە دیارینەکراویی دەمێننەوە، بۆیە مۆرفیمی نەناسیاریش وەردەگرن. جێناوی کەسی نادیار /کەس/ خۆی وەك ئەندامێکی ئەم پۆلە ناوە دەردەخات (14_ب).

14_ا) /کوڕ/ ~ /کوڕان/ ~ کوڕانێك،

_ب) /کەس/ ~ کەسێك، /کەسان/ ~ کەسانێك

مۆرفیمی نەناسیاریی /_ێك/ و جێناوی /ئەوە... ی/ لە دیارینەکراوەکانن و دەبنە سەری ڕستەی سەرجێناویی. لە ڕستەی سەرجێناوییدا relative sentences، سەری ڕستەکە دەشێت بە مۆرفیمی ناسراویشەوە بێت (15_پ)، ئەگەر نیشانەی کۆتایی /ئەوە... ی/ پێوە بێت.

15_ا) پیاوێك، کە هێندە دەستبڕ بێت، هەر سیاسیی بازرگانە.

_ب) ئەو پیاوەی، کە لێرە بوو، براکەی سیروان بو.

_پ) کوڕەکەی، کە دوێنێ گیرا، تۆمەتبارەکە نەبو.

لە کۆتاییدا لێکۆڵەر ئاماژە بەوە دەدات، کە هەر پێڕەوێك خاوەنی کەرەستە، پەیوەندیەکانی ناوەوەی پێڕەوەکەیان و ئەوانەی کاتی بەکارهێنانن بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنان لەگەڵ ڕێسا، یاسا، مەرج و سنوربۆدانانی خۆیاندا. دیاریکردنیش وەك پێڕەو بەهەمان جۆرە. بابەتەکان و گفتوگۆکانی داهاتویش ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ هەر بەڵگەو ئاماژەی بەهێزن بۆ گریمانەکان.

2) دیاریکراویی و دیاریکردن

1/2) دیاریکراویی لە فەرهەنگدا

وشەی فەرهەنگیی بە واتای گشتییەوە: هێمادانان/دانانی هێما بۆ چشتەکانی دەرەوەی زمان و بۆ خودی زمانیش بەشێوەیەکی دەستوربەدەرو لەخۆوەیە. کێڵگەی واتایی، کە وەك ناوەکەی نیشانیدەدات، پۆلێنبوون و پەیوەندیەکانی ناوەوەی وشەکانی ناو فەرهەنگ بەیەکەوە دەگرێتەوە، کە بەپێی بنەماو مەرج لە داڕشتەی وشەکانیدایەو سەرەکیەکەیان واتاکانیانە. وشەیەك بەتەنها واتای نییە، بەڵکو لە پەیوەندییدا بە وشەکانی تری ناو کێڵگەکەی و کێڵگە خزمەکانیەوە خاوەنی واتایە. کەواتە توخم، پەیوەندیی و مەرج لە ئارادان، بۆیە دروستە بۆ ئەم کێڵگەیەیش لە پێڕەو بدوێین. لەم کێڵگە سێمانتیکیەدایە، کە هەندێك لە کێڵگەکان تەواو چەسپاوو نەگۆڕن و هەندێکی دیکەیان لەبارن بۆئەوەی گۆڕانکاریی پێڕەوبەندانەیان بەسەردا بێت و ئەمەیش لە تایبەتمەندیی پێڕەوەکانە. وشەکان لە بەکارهێنانیشدا (لە مۆرفۆلۆژیی و لە سینتاکسدا) لە پەیوەندییدان.

مۆرفیمی سەربەخۆ (وشە) خاوەن_واتایە: وشە کرۆکەواتا، توێکڵەواتا، واتای لەتەکدابوو و واتا لە بەکارهێناندای هەیە. ناوە تایبەتیەکان تا ڕادەیەك کرۆکەواتای کەمتر گشتییان هەیە، بەڵام وشە بنەڕەتیە تۆمارکراوەکانی ناو فەرهەنگ بە گشتیی واتای گشتییان هەیەو نادیاریکراون و لێکۆڵەریش لە 'لێڵیی' وشە لە فەرهەنگداو لە 'تەمومژیی' لە سینتاکسدا دەدوێت. وشەی /درەخت/، بۆ نمونە، هەمو درەختەکان دەگرێتەوە، نەك درەختێکی دیاریکراو. بە هەمان شێوە ناوەکانی /جگەرە/، /دار/، /نان/، /زستان/، /شەو/، /مامۆستا/ لەگەڵ /کردن/، /سوتان/، /سوتاندن/، /کرانەوە/، /گیران/ یش. ئەم چەشنە وشانە بۆ چشتە گشتیی، هەمیشەیی و عادەتیەکان بەکاردەهێنرێن (بڕوانە نمونەکانی (1) !).

داواکاریەکانی ناوە کرداریەکان (چاوگ) لەناو فەرهەنگدا دیاریکراون: ناوی کرداریی /چوون/ داوای تەواوکەرێکی ئاڕاستەی شوێن دەکات، کە بە 'ئامانج' ناسراوە (ئامانج: <میوانەکان چوون بۆ سەرچنار.>)، بەڵام /ڕۆیشتن/ ئەم داواکاریەی یان ئامانجەی نییە (<میوانەکان ڕۆیشتن.>). بەرکارەکانی کردارە تێپەڕەکانی تریش بە چەشن و تایبەتمەندیەکانیانەوە تەواو دیاریکراون (چشت: <میوانەکان میوە دەخۆن.>، چشت و کەس: <ئەو نامەکەی بۆ من نارد.>، چشت و ئامانج/شوێن: <ئەو گوڵدانەکەی لەسەر مێزەکە دانا.>). هەروەك دەبینرێت، پێویستە داواکاریە دیاریکراوەکانی کردارەکان وەك خۆیان لە سینتاکسدا بەرجەستەبکرێن. هەرچەندە فرێزی کرداریی لە ڕستەدا داوای بکەرو چەشنەکەی دەکات (<دارتاش کورسیی دروستدەکات.>، <نەسرین گۆرەویی دەچنێت.>)، بەڵام تەنانەت چەشنی بکەری ناوی کرداریش لە فەرهەنگدا دیاریکراوە

(بڕوانە /مردن، مرداربونەوە، تۆپین/ !). خۆ چەشنی بکەرو کرداریش جۆری بەرکار دیاریدەکەن (<پۆلیس دزەکەی گرت.>)، <کارەبا کارەباچییەکەی گرت.>، <پیسیی زێرابەکەی گرت.>). ئاوەڵناویش داواکاریی خۆی هەیە (/شۆخ، شەنگ/ بۆ ئافرەت و /قۆز/ بۆ پیاو). نمونەکان بەڵگەن بۆ ئەوەی، کە دیاریکراویی و بەرجەستەکردنەکەی لە فەرهەنگداو دیاریکردن لە سینتاکسدا بێت. پاشانیش، کە دەبێت 'دیاریکراویی' لە بنەڕەتدا لە فەرهەنگدا بێت و 'دیاریکردن' لە ڕێزماندا. ئەم دیاریکراوییەی فەرهەنگ جیاوازە لە پێواژۆکانی دیاریکردن لە ڕێزماندا.

پێڕەوی بارەکانی کردار voice of verbs، کە بکەردیارو بکەرنادیان، لە فەرهەنگ و سینتاکسیشدا هەن: داواکاریی ناوە کرداریە بکەردیارو بکەرنادیارەکان لە فەرهەنگدا دیاریکراون. کردار هەن، کە ناوی کرداریی تۆمارکراویان لە فەرهەنگدا نییەو بۆیەکەم جار قسەکەر فۆڕمەکیان لە بەشی کۆتایی پێکهاتەی مۆڕفۆلۆژییدا بۆپێکدەهێنێت، ئەوجا لە سینتاکسدا دەیشکێنێتەوە (/کردن، کرانەوە/ ~ /خواردن/، **/خوران/، **/نوسیین/ ~ **/نوسران/). ئەمانیش داواکاریەکانیان ئاشکران/ناسراون. بکەرنادیار بە کرداری /هاتن/ لە سینتاکسدا بەرهەمدەهێنرێت و پەرادیگمای هەیە، بۆیە نابێت لە فەرهەنگدا بن (/هاتنەکوڵ/، /هاتنەجۆش/). ڕەگی کردارە هاتوەکە لەگەڵ کرداری /هاتن/ دا پێماندەڵێت، داواکاریی بکەرنادیارە سینتاکسیەکە چیین (<چێشتەکە هاتەکوڵ.>، <ئاواتەکانمان هاتنەدییتن.>). پێکهاتوی سینتاکسیی بکەرنادیار بە کرداری /هاتن/ ەوە ئەوە ئاشکرادەکات، کە دەبێت بەبێ کرداری تێنەپەڕی /هاتن/ پێکهاتوی بکەرنادیار لە ڕستەدا بەرهەمنەهێنرێت.

پۆلێنبونی ناوە سادەکان: هەرچەندە ناوەکان لە فەرهەنگدا واتای گشتییان هەیە، بەڵام جیاوازییەیکش لە تاقانەیی و ناتاقەییاندا هەر ئاشکرایە. ناوە تاقانەکان (2_3) ناوی تایبەتیی_گشتیین، چونکە خۆیان هەر بە واتای گشتێتی ئەوانەی سەرەوەوە (1) هەر گشتێتیی دەردەبڕن. نمونەکانی خوارەوە پلەداریی دیاریکراویی ناوەکانی ناو فەرهەنگ دەخەنەڕوو.

1_ ناوی چشت و کاتی گشتیی: /مرۆڤ، قەل، ماسیی، نان، ئاو، شەربەت، بەرد، شاخ، شەو، ئێوارە، بەیانیی، کاژێر، کردن، کرانەوە، گرتن، گیران/، بە فرێزی خستەپاڵی ئاسایی دەکرێن بە ئاوەڵفرێز (/مرۆڤ/ گیانداری ژیری خاوەن_بیرو زمانی ئاخاوتن، ...).

2_ ناوی شوێنی تایبەتیی_تاقانە: /ئامەد، سلێمانیی، پێنجوێن، بەغدا، مۆسکۆ، سیروان، ئاراس، تانجەرۆ/ (ناوی شار لە خواروی کوردستان)، (بە فرێزی خستەپاڵی ئاسایی یان بە ڕستەی ساکار دەکرێن بە ئاوەڵفرێز (/ئامادە/ شارێکی سەروی کوردستانە/شارێکە لە سەروی کوردستان، /بەغدا/ پایتەختی ئێراقە). جیاوازیی لە دیارکراویی 'شارێك' و 'شارێکە' دا ئاشکرایەو ئەمەیش بۆ هەڵبژاردنیان بۆ نوسینی ئاوەڵفرێزەکانی وشەکان گرنگە.

3_ ناوی کەسی تایبەتیی_ناتاقانە: /ئارینا، شوان، ئازاد/ (بە ڕستەی سادە دەکرێن بە ئاوەڵفرێز (ئارینا ناوی ئافرەتە/ناوە بۆ ئافرەت <ئارینا هات> (کچێك هات، ناوی ئارینایە). جیاوازیی لە دیاریکراویی 'ناوی ئافرەتە' و 'ناوە بۆ ئافرەت' هەستیپێدەکرێت.

مۆڕفێمەکانی دیاریکردن لە فەرهەنگدا:

ئاماژە بەوە درا، کە ناوەکان خاوەنی واتای گشتیین و دیارینەکراون، بەڵام ناوە تایبەتەکان، پەیوەست بە ئاماژەبەندەوە، واتای گشتیی کەمتریان هەیە. لەگەڵ ئەوەیشدا جێناوی کەسی نادیار (/کەس/ ~ 'هیچ کەس' ~ 'هیچ کەسێك') تەواو دیارینەکراون. لەم گەنجینەیەدا، مۆڕفێمەکانی دیاریکردنیش بۆ پێواژۆکانی دیاریکردن لە مۆڕفۆلۆژیی و سینتاکسدا تۆمارکراون: (ا) مۆڕفێمی دیاریکردنی لە فەرهەنگدا_هەبوو: مۆڕفێمی سەربەخۆ (مۆڕفێمی دیاریکەر: ئاوەڵکرداریی /تەنها/ و /هەر/ مۆڕفێمی سەربەخۆن، بەڵام مۆڕفێمە جیاوازەکانی دیاریکرن/_ە/ و خستنەپاڵ /ی/ ناسەربەخۆن. مۆڕفێمی جیاکەرەوەیی /_یان/ (<کەوا سورکەیان، نەك شینەکەیان دەکڕم.>) و ئەوەی ئەڵتەرناتیڤیی /_یان/ (با ئازاد یان ئارام بێتەژورەوە!) یش گۆکردنی جیاوازیان هەیە. (ب) مۆڕفێمی دیارینەکەریی سەربەخۆ: ئاوەڵکرداری نادیاریی /هەرچ ~ هەر/ (<هەر دوێنێ بارانبارییی.>) لەوانەن، بەڵام 'لەهەرچ جێیەك، هەرچ چۆنێك بێت' دەربڕدراوی نادیاریکردنن. /_ێك/ یەکێکە لە مۆڕفێمە ناسەربەخۆکانی پێڕەوەکە. جێناوە جووت_سەگمێنتیەکانیش بەشێکی پێڕەوەکە پێکدەهێنن ('/ئەم ... ە/، /ئەمان ...ە/و ...هتد.').

**2/2) دیاریکردن لە پێکهاتەکاندا**

**2/2_1) دیاریکردن لە مۆرفۆلۆژییدا**

**بەیاساکانی دروستکردنی وشە وشەی نوێی دیاریکراوو دیاریکراوتر دەهێنرێنەئاراوە. مرۆڤ خۆی لەم پێکهاتەیەدا دیاریکردن ناکات، بەڵکو ئەو یاسا مۆرفۆلۆژیانەو پێکەوەهاتنی سەگمێنتەکانی وشە مۆرفۆلۆژیەکانن، کە دەبنەهۆی ئەوەی دەرکردەکان دیاریکراویی پلەداریان هەبێت.**

**وشەی مۆرفۆلۆژیی لێکدراو، هەڵگوێزراو، دارێژراوو (لێکدراوی هەڵگوێزراو)، وشەی فرێزیی و وشەی ئاڵۆز لەیەکجیادەکرێنەوە. هەرچەندە دەرکردەی وشەی مۆرفۆلۆژییش واتای گشتیی هەیە، (ا) دیاریکردن بۆ نمونە، لەناوەوەی وشە مۆرفۆلۆژیە لێکدراوەکاندا دەکرێت: مۆرفیمی /ە_1/ ی وشەکانی /پیرەمێرد، نانەقەیسیی/ بۆ دیاریکردن، بەڵام /ە/ ی /کوردە، خەستە/ وشەدروستکەرە. وشەی فرێزیی /مزگەوتی گەورە، شەقامی سالم/ بە /_ی/ خستنەپاڵی دیاریکردن دروستکراوە. خۆ دیاریکردنەکە لە /شەقام سالم/ و /دارقەزوان/ یشدا هەر ئامادەیە. لە /دارەبەن/ و /دارقەزوان/ دا، /بەن/ و /قەزوان/ وشەی /دار/ دیاریدەکەن. دەبێت مۆرفیمی /ە_2/ وشەدروستکەر بێت بە دیاریکردنی کەمترەوە ('/کوردە/، /خەستە/'). (ب) لەگەڵ ئەوانەیشدا، هەر وشەیەکیان وەك گشتێك لە دەرەوە واتای گشتیی_دیاریکراوی بەو واتایەوە هەیە، کە بۆ نمونە /دارەبەن/ ~ /دارقەزوان/ ی جیاکراوە لە دارەکانی تر دیاریکراوترە لە وشە بنەڕەتیەکەی /دار/، کە واتایەکی تەواو گشتیی هەیە. هۆی ئەمە لەودا دەبینرێتەوە، کە /دار/ (هەمو چەشنەکانی دار) و /دارەبەن/ ~ /دارقەزوان/ (چەشنێکی جیاکراوەی) /دار/ دەردەبڕێت.**

**سەری واتایی ئەم وشانە ئاشکرایە. لە /دارەبەن/ ی سەر_دەرەکییدا قسە لە درەختی قەزوان دەکرێت، نەك لە دارەکەی. لە /دارقەزوان/ دا قسە لە داری قەزوان دەکرێت و لە /پیرەمێر/ یشدا لە /مێرد/. دەبێت /بەن/ ئەمڕۆ بۆ هەمو کەسێك وەك دیاریکەر نەبینرێت، بەڵام /قەزوان، پیر/ بۆیان دیاریکەرن و /دار/ و /مێرد/ یش دیاریکراون. لێکۆڵەر وەهایدەبینێت، کە لە /دارەبەن/ و /پیرەمێرد/ دا، سەگمێنتی /ە/ مۆرفیمی نیشانەکردنی دیاریکراوەکەیە، واتە لەڕێی /ە/ ەوە دیاریکەر دیاریکراو دیاریدەکات و بەم /ە/ یە نیشانەیدەکات. دیاریکردنەکە لە /دارقەزوان/ دا شاراوەیەو دوو واتاییە: (درەختی قەزوان) <ئەم دارقەزوانەیان وشکیکردووە.> و (تەختەی داری قەزوان) <کورسیەکە لە دارقەزوان دروستکراوە.>. /دارەبەن/ یش بەلێکسیمبوەکەیانەو شێوەی وشەی بنەڕەتیی وەرگرتووە بەواتای (درەختی قەزوان) ەوە.**

**لەگەڵ ئەوەیشدا، کە ناولێنانەکە لە وشە هەڵگوێزراوە سەر_دەرەکیەکەی /دارەوان/ دا بۆ کەسێکە، بەڵام بەهۆی پاشگرەکەیەوە، کە دیاریکردنە مۆرفۆلۆژیەکەیە، چەشنی کەسەکەی دیاریکردووە. لە /باخەوان/، /شاخەوان/ و /مەلەوان/ دا خاوەن پیشەکە یان حەزوئارەزوی (هیوایەت) ی کەسەکەی دەستنیشانکردووە. پاشگری /_ەوان/ پەرادیگمایەکی باش دروستدەکات و ئەمەیش دیاریکردنەکە بەهێزدەکات. هەروەها لە هەبونی پەڕادیگمای بناغەدا سەری واتایی دیاردەبێت و دیاریکردنەکە ناوەکیی دەبێت. /چاوبەلەك/، /چاوڕەش/ و /چاوشین/ سەردەرەکین و بۆ کەسن، لەگەڵئەوەیشدا هەم کەسەکان و هەم جۆرەکانی چاویش لەیەکجیاکراونەتەوەو دیاریکراون.**

**سەری وشەی لێکدراوی ستاندار لە باری ئاساییدا لە کۆتاییدایە. وشە لێکدراوەکەی /مارماسیی/ سەرکۆتاییە (قسە لە ماسیی لەمار_چوو) دەکرێت. وشەی /مار/ ناوێکەو ناوی /ماسیی/ دیاریکردووەو /مارماسیی/ یش ناوە گشتیەکەیە (بڕوانە (16)!). ئەگەر دیارکراو لەسەرەتادا بێت، ئەوا پێویستە ناوی دوهەم/ناوی کۆتایی لەڕێی /ە/ ی دیاریکردنەوە ناوی یەکەم (دیاریکراو) دیاریبکات، کە لەدواوەیەتی (/نانەقەیسیی/). ئەم ناوە لێکدراوەی /نانەقەیسیی/ پێچەوانەی /پیرەمێرد/ ە، کە سەرە واتاییەکەی لە کۆتاییدایەو سەرە ڕێزمانیەکەییشی لەسەرەتادایە. ئاوەڵناوەکەی سەرەتا مۆرفیمی دیاریکردنی /ە/ ی لەگەڵ خۆیدا هێناوەو لەڕێیەوە /مێرد/ ی دیاریکردووە، کە لە دواوەیەتی. دەرکەوتنی مۆرفیمی /ە/ بەپێی مەرجی سەر_سەرەتاییەکە لە پێڕەوی مۆرفۆلۆژیی وشەی لێکدراودایە (بڕوانە نمونەکانی (22)!).**

**نمونەکان ئەوەیان ئاشکراکرد، کە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژیی شێوەی کارگەیەکەو بۆ وشەدروستکردنە، بەڵام کە لەگەڵ ئەو دروستکردنەیشدا بناغەی لێکدراوەکان بەو جۆرە دیاریدەکرێت، کە دەرکردەکە واتای گشتیی_جیاکراوە یان گشتیی_دیاریکراوی هەبێت: /مارماسیی/ جۆرێکە لە ماسیی، /دارقەزوان/ جۆرێکە لە دار، /نانەقەیسیی/ جۆرێکە لە /نان/ و**

/پیرەمێرد/ یش جۆرێکە لە مێرد. ئاشکرایە، کە تەنها دوو وشە مۆرفۆلۆژیەکەی دواییان مۆرفیمی دیاریکردنی /ە/ یان تێدایە. بە واتایەکی تر دروستە مۆرفۆلۆژییەکان بەرپرسیاری دروستکردنن (خستنەکیەك) و جێکەوتەی سەری وشەکە لە کۆتایی یان سەرەتادا بڕیار لەسەر هاتن و دەرکەوتنی /ە/ دەدات. بە پێچەوانەوە، مۆرفیمی /_ی/ خستنەپاڵ لە مۆرفۆلۆژییدا بۆ دروستکردنی وشەو دیاریکردنە /مزگەوتی گەورە/ (مزگەوتی سەرەکیی شار) ە.

وشەی لێکدراو دروستەیەکی تەکیەکخراوی بەبێ مۆرفیمی زیادە هەیەو سەری وشەکەیش هەر لە کۆتاییدایە (/مارماسیی/، /سەرگەورە/، /دەستکەوت/، /خوێنمژ/'). کاتێك سەری واتایی (ناو) یان ئاوەڵناو ('/پییر/') دەکەوێتە سەرەتای وشەی لێکدراوەوە، پێویستە مۆرفیمی /ە/، وەك جۆرێك لەو حوکمکەرەی لەلای ڕاستەوە بۆ چەپ حوکمدەکات، وەك نیشانەدەری دیاریکراوەکە بێتەنێوان سەگمێنتە مۆرفۆلۆژیەکانی وشە لێکدراوەکەوە.

ن = ناو، ئا = ئاوەڵناو،

خشتەی (2): جێکەوتەی سەرو دەرکەوتنی مۆرفیمی /ە/

(أ) /مارماسیی/ ن1_ن2 ، = دیاریکەر _ دیاریکراو

(ب) /چاوشین/ ن2 _ ئا = دیاریکراو _ دیاریکەر

(ت) /نانەقەیسیی/ ن2 _ە_ ن1 = دیاریکراو _ دیاریکەر

/پیرەمێرد/ ئا_ە_ن2 = دیاریکەر _ دیاریکراو

ئەنجام: وشەی لێکدراو بەسەری ڕێزمانیی یان واتاییەوە سەر_کۆتاییە. ئەگەر سەری واتایی یان سەری ڕێزمانیی لەپێشەوەی لێکدراوەکەدا بێت (سەر_سەرەتایی)، ئەوا دەبێت دیاریکردن لەڕێی مۆرفیمی /ە/ ی دیاریکردنەوە نیشانبدرێت.

بە ئاوەڵفرێزکردن و لێکدانەوەی واتایی وشە: لێماکان (وشەکان) لەناو فەرهەنگدا لەگەڵ دەروازەی زانیاریەکانیاندا تۆمارکراون. دەروازەکە بریتییە لە پۆلەڕەگەزی وشەکە (ناو، ناوی کرداریی، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار)، جۆری دەربڕینی بە دەنگ/بە فۆنەتیکیی، واتاکانی بە نمونەوە لە ڕستەدا، هاوواتاکانی، دژواتاواتاکانی و وشەلێکدراوەکانی. بۆ ڕونکردنەوەی واتای هەر وشەیەك هاوواتاکانی دەهێنرێنەوەو ئاوەڵفرێزیش. ئاوەڵفرێزەکان یان فرێزی تەواون (فرێزی خستنەپاڵ و فرێزی دیاریکەر) یان ڕستەی تەواو. پێویستە چەشنی هەر یەکەیان لەگەڵ تایبەتمەندیە واتاییەکانی پۆلەکانی وشە مۆرفۆلۆژیەکاندا بگونجێت و پەیکاڵی بێت (بڕوانە نمونەکانی خوارترو واتاکانیان!). بۆ ئەم بەستە بە پۆلێنبونی ناوە لێکدراوەکان دەستپێدەکەین:

1_ لێکدراوی ئاسایی جومگەیەکسان بەبێ جومگەی زیادەی /ە/ بەسەری واتایی ناوەکییەوە (جیاکراوەی گشتیی) بەفرێزی خستنەپاڵی ئاسایی ('نانی جۆ') دەکرێت بە ئاوەڵفرێزو واتاکەی لێکدەدرێتەوە (بڕوانە خشتەی (2)!).

16_ سەری ناوەکیی بناغەی لێکدانەوەی واتاییە

/مارماسیی/ (ماسیی لەمار_چوو (چەشنێك لە ماسیی))

/کەو_مار/ <کەومار>، /گوڵاڵەسورە/ ((گوڵاڵەی سوور: چەشنێکی جیاکراوە لە گوڵاڵە)

1_ا) وشەی لێکدراوی جومگە نایەکسانی سەر_کۆتایی بە سەری واتایی دەرەکییەوە (دیاریکراوی گشتیی لە چەشنی جیاکراوە)، بە ڕستەی سەرجێناویی واتای لێکدەدرێتەوە.

سەری دەرەکیی سەرجێناوەکەیە/ بناغەی لێکدانەوەی واتاییە:

17_ /چاوشین/ (ئەو مرۆڤانەی، چاویان شیینە)، /تەختەڕەش/، /چاوباشقاڵ/، پیاوکوژ/

/قژکاڵ/ (ئەو مرۆڤانەی، قژیان کاڵە)،

1_ب) وشەی لێکدراوی تێکەڵ بە سەری واتایی دەرەکیی و ناوەکییەوە:

18_ سەر_ دەرەکیی: /سەرگەورە1/ (ئەو مرۆڤانەی، کە سەرکردەن/دەستەڵاتدارن: هێز_کۆتاییە)

19_ سەر_ناوەکیی: /سەرگەورە2/ (هێز_سەرەتاییە: سەری گەورە)

2_ ناوی لێکدراوی ئاسایی تاقانەو ناتاقانە

ا_ تاقانە/دانسقە:

سەر_دەرەکیی: بە ڕستەیەکی سەر_جێناویی لێکدەدرێتەوە، کە سەری ڕستەکەی فرێزێکی دیاریکەری نەناسراوییە.

20_ /ناوشاخان/ ناوی دانسقەی تایبەتیی شوێن: (شوێنێك، لەناو شاخاندا) : ناوشاخانی پێنجوێن، بەڵام *ناوشاخانی زەردیاوا.

_ب) ناوی نا_تاقانەیی تایبەتیی شوێن و گشتیی: شوێنێك، کە بە ڕستەیەکی سەر_جێناویی لێکدەدرێتەوە، کە سەری ڕستەکەی فرێزێکی دیاریکەری نەناسراوییە.

21_ /چوارباخ/ : ناوی شوێن (گەڕەکێك، کەناوی چوارباخە): (گەڕەکی) چوارباخی سلێمانیی/کورسان/سنە.

/سەرشەقام/: ناوی تایبەتیی شوێن_گشتیی : (جادەیەك، کە ناوی سەرشەقامە): سەرشەقامی شاری سلێمانیی، بۆ نمونە، دەشێت لە شارێك یان شارۆچکەیەکی تریش هەبێت.

/سەرقەبران/ (شوێنێك، کە لاشەی مرۆڤی لێدەنێژرێت/لێدەکرێت بەژێر خاکەوە)

2_ وشەی لێکدراوی نایەکسان بە جومگەی /ە/ ەوە

2_ وشەی لێکدراو بە ئاوەڵناوی سەرەتایی یان کۆتاییەوە، کە سەری واتایی ناوەکیی هەیە، جیاکراوەی دیاریکراوەو گشتییە. لێکدەری /ە/ لێکدراوەکەی وەك لێکدراوی جومگەیەکسان لێکردووە، بۆیە بە فرێزی خستنەپاڵی ئاسایی دەکرێت بە ئاوەڵفرێز:

22_ا) /قەیرەکچ/ (کچی قەیرە/کچی تەمەنداری شونەکردوو/*ئەو کچانەی، کە تەمەندارن و شویاننەکردوە)، *(کچی/کچانی تەمەنداری شونەکردوو)، بەڵام 'کچی قەیرە' (ئەو کچانەی، کە قەیرەن)

/شۆخەژن/ (ژنی شۆخ)،

/پیرەمێرد/ (مێردی پیر/(پیاوی/پیاوانی پیر)/(*ئەو پیاوانەی، کە پیرن)،

/گوڵەباخ/ (گوڵی ناوباخ: چەشنێکی جیاکراوە لە گوڵ)، *(چەشنێکی دیاریکراو لە گوڵی ناو باخ)

22_ب) /قەل/ گشتییە: /قەلەڕەش/ (قەلی ڕەش) قەلێکی ڕەش لەناو قەلەکاندایە.

قەلەڕەش_ەکە (تەواو دیاریکراوە: ئەو قەلەیان، کە ڕەشەو دەیناسیین/بینیمان)

/قول/ (ڕەشپێست) گشتییە. ~ /قولەڕەش/ (قولی ڕەش) : مرۆڤی زۆر پێستڕەش لەناو مرۆڤە پێستڕەشەکاندا) (بڕوانە قولەڕەش_ەکان (جیاکراوەی دیاریکراو/ناسراو (ئەو قولانەی، کە پێستڕەشن)).

/قەلەباچکە/ گشتییەکی دیاریکراوەو تایبەتییە (جۆرێکە لە قەل لەناو قەلەڕەشەکاندا: قەلەباچکەکە هەڵفڕی).

وشەی لێکدراوو وشەی خستنەپاڵیی: وشەی لێکدراوی خراوەتەکیەك: ئەم وشانە تەنهاو بەبێ لاگر لە خودی وشەکان دروستکراون. وشەی لێکدراو بۆ ناونانی کەس جۆرێکی بنەڕەتییە لە وشەدروستکردن و دیاریکردن (بڕوانە (16)!).

23_ /گوڵ_پەسەند/ <گوڵپەسەن> (ناوی ئافرەت)،

هەرچەندە دەرکردەی وشەدروستکراوە مۆرفۆلۆژیەکان واتای گشتییان هەیە، بەڵام سەگمێنتەکانیان لەناو دروستە مۆرفۆلۆژیەکەدا جۆرێك لە دیاریکردنیان (جیاکردنەوە، پێناساندن و نیشاندان) تێدایە. ئەمانەیش لە وشەکاندا دەبینرێن. وشەی /مارماسیی/، بۆ نمونە، لێکدراوێکی جومگە یەکسانی تەکیەکخراوەو جۆرێکە لە ماسیی و /کەو_مار/ یش جۆرێکە لە مار (16). دیاریکردنەکە لە وشە فرێزیەکاندا زرترو ئاشکراترە (30). دیاریکراوی ئەمیان پەیوەندیی بە پێکهاتوی سینتاکسییەوە هەیە، کە دەبێت دیاریکراو یان دیاریکراوی تەواو بن. دەتوانرێت ئەم ڕاستییە بۆ دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی وشە فرێزیەکان، واتە بۆ سەلماندنیان، سودیلێببینرێت. بەم جۆرە، وشەی لێکدراو بۆ دروستکردنی هێمایەو بۆ هێمابۆدانراوەکە (ئاماژەبەند) ناوی گشتیی

دروستدەکات. لەهەندێك لەم وشانەدا ئاوەڵناو، ڕەگی کردار یان قەدەکەی لە کۆتایی وشەکەدایە. ڕەگی کردار مۆڕفێمی لە وشە_چووە. ئاوەڵناوەکە یان لە کۆتاییدایە (22) یان لەسەرەتادایە (23).

23_ /تەختە_ڕەش/ <تەختەڕەش>، /چاو_باشقاڵ/ <چاوباشقاڵ>، /پیاو_کوش/ <پیاوکوژ>،

هەندێك وشەی لێکدراوی سەرناوەکیی جومگەنایەکسان بە مۆڕفێمی دیاریکردنی ئاوەڵناویی /_ە_/ دروستدەکرێن. ئەم وشانە بە ئاوەڵناو دەستپێدەکەن و دروستەی ناوەوەی وشەکانی (22) و (23) لەگەڵ یەکتریدا بەروردبکە !).

24_ /نانە قەیسیی/، /بەردەپێ/،

هەندێك وشەی لێکدراوی سەرناوەکیی جومگەیەکسانی دییکە بە 'مۆڕفێمی دیاریکردنی دوپاتکردنەوە' ی /ە/ دروستدەکرێن. وشەی /دەنگ_ە_دەنگ/ دوبارەبونەوەی بناغەکە (/دەنگ/ ی سەرەتا) نیشاندەدات و ئەویش ئەم دیاریدەکات. /ە/ یش وەك نیشانە بە وشەکەی سەرەتای لێکدراوەکەوە لکاوە. ئەم دوبارەکردنەوە مۆڕفۆلۆژیە لەگەڵ دوپاتکردنەوە لە سینتاکسدا بەراوردبکە، کە بۆ زۆریی و کەمیین! بناغە لەم وشاندا وشەی سەرەتایەو دو بۆچوون بۆ دروستکردنی وشە لێکدراوەکە هەن (ا) دەنگ_ە_دەنگە > /دەنگەدەنگ/ یان (ب) /دەنگ_ە_دەنگ > /دەنگەدەنگ/. بۆیە دەبێت یاسای دروستکردنی (ب) دروست بێت، چونکوم وشەیەکی سەربەخۆی */دەنگە/ بونی نییە، تاوەکو چاوەڕێی یاسای دروستکردنی (ا) لەئارادا بێت.

25_ /دەنگ_ە_دەنگ/ <دەنگەدەنگ>، /بۆڵە_ە_بۆڵ/ <بۆڵەبۆڵ>، /خورتە_ە_خورت/ <خورتەخورت>، /خشە_ە_خش/ <خشەخش>.

وشەی فرێزیی: لێکۆڵەر وەهایدادەنێت، کە وشەی فرێزیی بەو مۆڕفێمانە لە پێکهاتەی مۆڕفۆلۆژییدا دروستدەکرێن، کە لە سینتاکسدا فرێزیان پێبەرهەمدەهێنرێن. ئەوانە بریتیین لە سێ مۆڕفێمی سەرەکیی و بریتیین لە مۆڕفێمەکانی /_ی/ خستنەپاڵ، /و/ ی بەستنەوەو /ە/ ی دیاریکردن (26) لەگەڵ فرێزەکانی بەرامبەریاندا بەراوردبکەن !).

هەتا ژمارەی پەڕادیگما بەرزو بەرزتر ببێتەوە، دیاریکراوییش زۆرترو زۆرتر دەبێت. ئەمە لە فرێزەکانداو بەتایبەتیی لە فرێزی خستنەپاڵییدا بەدیدەکرێت. ئەم حالەتە لە (26_ا) دا هەیە، لە (26_ب) دا کەمترەو لە (26_پ) دا کەمترییینە. (26_ت، ج) دیاریکراویی لە هەمویان کەمترە، واتا لە هەمویان نادیارترە. لێکدانەوەی واتایی وشەکانی (26_ا) لەگەڵ ئەوانەی فرێزەکانی خستنەپاڵ بەرواوردبکە، کە واتای گشتییان هەیە !

26_ا) /شەقامی سالم/ (شەقامێك، کە ناوی سالمە)، /شەقامی پیرەمێرد/ (شەقامێك، ناوی پیرەمێردە)،

/شەقامی نالیی/ (شەقامێك، کە ناوی نالییە)، /خانەقای مەحویی/ (خانەقایەك، کە ناوی مەحوییە)،

_ب) /گوڵەگەنم/ (گوڵی گەنم)، /گوڵەجۆ/ (گوڵی جۆ).

_پ) /مزگەوتی گەورە/ (مزگەوتی سەرەکیی شار)، /شاخی گۆیژە/ (شاخێك، کە ناوی گۆیژەیە)،

/پەنجەی خانم/ (ناوی گوڵێك)،

_ت) /کورە پاشا/ (کوڕی پاشا (ی ناسراو))، /سەلکەتوور/ (سەلکی توور)،

_ج) /دەموچاو/ (ڕوو)، /سەروپێ/ (پاچە)،

دانسقەیی و نادانسقەیی وشەی فرێزیی: هەر شەقامێك لە هەرچ شارێکی کوردستاندا هەبێت، دەشێت، بۆ نمونە، ناوی /شەقامی سالم/ ی لێبنرێت، بۆیە ئەم ناوە دانسقە نییە. ئەم بارە بۆ /خانەقای مەحویی/ و /مزگەوتی مەحویی/ و /چورڕیانی خانیی/ یش هەمان چشتە. پەسنکەرە ناسراوەکانی /سالم/، /پیرەمێرد/، /نالیی/، /مەحویی/ و /خانیی/ (26_ا) ئەوەیان مسۆگەرکردووە، کە ناوەکان ئەگەری چەندیین بارەکردنەوەیان هەبێت و بەم پێیەیش دانسقە نەبن. نمونەکانی (26) بەگشتیی واتای لێکدەرەوەییان

نییە، بەڵکو ناوی ئاسایی لە چەشنی وشەی بنەڕەتیین. لەبەرئەمەیە، کە /شاخی گوێژە/ (ناوی شاخێك) ە، نەك *شاخێك، کە هی گویژەیە/شاخێك، کە ناوی گۆیژەیە. ئەم ناوانە دانسقەن، چونکوم تەنها شاخێك ناوی گوێژەی لێدەنرێت و تەنها گوڵێکیش ناوی پەنجەی خانمی پێدەدرێت. بەم جۆرە، دەشێت چەشنی پەسنکەرەکان و وەسفکەرەکان لە پەیوەندییاندا بە پەسنکراوو وەسفکراوەکانیانەوە ڕۆڵیان لە ڕێژەو پلەی دیاریکراویی وشە لێکدراوەکاندا هەبێت.

وەسفکراوو وەسفکەر: لە فرێزی ئاوەڵناوییدا، بۆ نمونە، پەسنکەرو پەسنکراو هەیە. لە فرێزی 'شاخی بەرز' دا، بەرز وەسفی شاخ دەکات و لە 'پیاوی ئازا' یشدا ئازا وەسفی پیاو. لە وشەی لێکدراودا ئاوەڵناوەکان ئەم گۆکردنەیان نییە (/چاوشین/ (ئەشقەر/کەسی چاوشین: وشەی سەر_دەرەکیی و واتای نالێکدەرەوەیی هەیە). ئەوەتا /سەرگەورە/ واتای (سەرۆك) ی هەیە، نەك کەسێکی کە سەری گەورە بێت. /مزگەوتی گەورە/ (مزگەوتی سەرەکیی شارە)، نەك (گەورەترین مزگەوت).

چۆن و بۆچیی وشەی فرێزیی وشەیە؟ فرێزە خاوەندارێی و بۆگەڕاوەکان ڕێگە بەبەرهەمهێنانی فرێزە لەناویەکشاوەکاندا دەدەن ('پەنجەی خانم' ~ 'پەنجەکەی خانم' و 'دەسکی دەرگاکە' ~ 'دەسکەکانی دەرگاکە'. لەبەرئەوەی وشە فرێزیەکان هەمان دروستەیان هەیە، ئەم چەشنە دروستە ئاڵۆزانەیان هەیە. /شەقامی سالم/، بۆ نمونە، وەك ناوە تایبەتیەکان (/سلێمانیی، دوهۆك/) و کەسیەکان (/شیروان/ و /نەسرین/)، لەگەڵ واتا گشتیەکەیاندا، جۆرێك لەدیاریکراوییان هەیە. هەروەك چۆن ڕێگە بە '*شیروانەکە' و '*سلێمانیەکە' نادرێت، '*شەقامی سالمەکە' و '*خانەقای مەحویەکە' یش پەسەند نین و ئەمەیش هاوبەشیی هەردوکیان وەك وشە دەردەخات. لەگەڵ ئەوەیشدا 'شەقامەکەی سالم' و ' خانەقاکەی مەحویی' وەك فرێزی جیا لە وشەکانیان ئاسایین، بەڵام '*پەنجەکەی خانم' (گوڵ) نائاساییە. ئەم جیاوازیەی ڕێگەپێدان و ڕێگەپێنەدان لە دەربڕینی وشە فرێزیەکاندا وەك فرێز بە دیاریکەرێکی ناسراویی و نەناسراویەوە پەیوەندیی بە باری ڕێژەیی واتای لێکدەرەوەیی و نالێکدەرەوەیی چەشنەکانی ناوو وشە فرێزیەکانەوە هەیە. وشەی فرێزیی /دەموچاو/ و /سەروپێ/ یش ڕێگە بە دیاریکەری ناوەوە نادەن ('*دەمەکەو چاو'، '*سەرێك و پێ')، شێوەی فرێزی <دەمەکەی و چاوەکانی گەورەن>. لە نمونەکانی وشە فرێزیی و فرێزەکانی بەرامبەریاندا، لەڕوی واتاوە هاوواتا یان یەکسان نین :

وشەی ئاڵۆز: وشەی ئاڵۆز دوو چەشنی هەیە: (ا) چەشنی یەکەمی لێکدراوی ئاڵۆز ناوی تایبەتییە بە مۆرفێمی دیاریکەرەوە (/'گردەبڕاوەکە/، /خانەسوتاوەکە/') و پەیوەست بە ئاماژەبەندەکانیانەوە ناسراوو دیاریکراوە. پلەداریی دیاریکراوییان بەستراوە بە دانسقەیی و نادانسقەییانەوە. (ب) ئەم چەشنە وشانەیان ناوی کردارین و بەزۆریی پێشناوێکی سەربەخۆو پاشگرێکی دیاریکردنی وەستاویی و ئاڕاستەی جوڵەیان تێدایە. ئەمانە نمونەی نمونەیی ئەدگاری دارێژەریی کرمانجیی ناوەڕاستن، بۆیە وێنەیین. بەرامبەر بە وشە فرێزیەکان، ئەم وشە ئاڵۆزانەی لە سینتاکسەوە هاتونەتەوەناو فەرهەنگ و بوون بە وشەی سەربەخۆی (لێکسێمی) فەرهەنگیی، زۆرتر ڕونییان تێدایە (27). ئەم چەشنە وشانەیان لەڕوی دیاریکراوییەوە لەنێوان وشە مۆرفۆلۆژییەکانی ترو پێکهاتوە سینتاکسیەکاندان.

27_ /دەست_بە_سەر_دا_گرتن/ <دەست بەسەردا گرتن>،

/دان_بە_خۆ_دا_گرتن/ <دانبەخۆدا گرتن>،

/لە_هێلکە_چونەوە/ <لەهێلکەچونەوە>.

ئەو ناوە کردارییانەی، لە فەرهەنگدا نین و ئاخێوەر ناوێکیان لەناو مۆدێلی ڕێزمانی کوردییدا لە بەشی کۆتایی مۆرفۆلۆژییدا بۆپێکدەهێنێت، هەر واتای گشتییان هەیەو وەك ناوەکانی تر دیارینەکراون (28_ب). لەبەرئەوەی فۆرمەکە پێکهێنراوێکی شاراوەیە، دیارینەکراویەکەی زۆرە .

28_ا) بکەردیار: /کردن/ <کردن> ~ بکەرنادیار: /کرانەوە/ <کرانەوە>،

/گرتن/ <گرتن> ~ /گیران/ <گیران>،

_ب) بکەردیار: /خواردن/ <خواردن> ~ بکەرنادیار: **/خوران/ <خوران>،

ئەو هەمو سێو_ەکەی خوراد. ~ هەمو سێوەکە خورا.

لە ئەنجامدا دەبێت بەوەمان زانیبێت، کە وشە مۆرفۆلۆژیەکان هەمبەر بە وشە بنەڕەتیەکان/نامۆرفۆلۆژیەکان جۆرێك لە دیاریکراوییان هەیەو کە وشەی مۆرفۆلۆژیی ئاڵۆزیش زۆرترین دیاریکراویی نیشاندەدات.

وشەی هەڵگوێزراو: وشەی هەڵگوێزراو بە لاگر (پێشگرو پاشگر) دروستدەکرێن و بە فرێزی خستنەپاڵی ئاسایی لێکدەدرێنەوەو بەزۆریی واتای گشتییان هەیە.

29_ /بەرز/ : بەرزیی ~ بەرزێتیی ~ بەرزایی (بڵند: بڵندیی ~ حاڵەتی بڵندبوون ~ چشت و شوێنی بڵند)،

/کورد/: کوردیی ~ کوردێتیی ~ کوردایەتیی (خەڵکی کورد: کەس و چشت بە تایبەتمەندیی کوردییەوە ~ حاڵەتی کوردبوون ~ چالاکیی کوردێتیی)،

/کوژراو/ (مرۆڤی گیان_لێسەندراوە)،

/خوراو/ (خۆراك و خواردنی جویندراوو قوتدراو)،

/سوتێندراو/ (مرۆڤ وچشتی ئاگرتێبەردراو).

30_ /ژن_انیی/ <ژنانیی> (ڕەفتاری لە ژن_چووی پیاو) (مرۆڤی وەك ژن ڕەفتاردەکات)،

/پیاو_انە/ <پیاوانە> (ڕەفتارو چشت لە چەشنی ئەوەی پیاو).

هەڵگواستن بە پاشگرەکانی /ە/:

بەپێی گریمانەکەی سەرەتا، پێواژۆی دیاریکردن لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆژییداو بەتایبەتیی لە دروستکردنی وشەی نوێدا دەکرێت. ئەم ڕونکردنەوانەو نمونەکانیان بەڵگەی ئەزمونبەندیی دیبکەن بۆی.

بە مۆرفێمی ناو_دروستکەری /ە/ لە ئاوڵناو ناوی تایبەتیی/کەس دروستدەکرێت، کە ناوی کەس/تایبەتییە. لەگەڵ ئەوەیشدا، کە /ناسکە/ ناوی کەسەو دیاریکراوە، بەڵام خۆ هەمو ئەوانەیش دەگرێتەوە، کە ئافرەتن و ناویان /ناسکە/ یە، بۆیە دەرکردەکە هەر گشتییە. ئەمانەیان 'ناوی تایبەتیی_گشتیین'. نمونەکانی (31) ناوی ئافرەتن.

31_ا) /ناسك_ە/ <ناسکە>، /ناز_ە/ <نازە>، (بڕوانە /نازدار/، /نازەنیین/، /بەناز/!).

چەشنێك لە دیاریکردن لە مۆرفۆلۆژییدا بە مۆرفێمی /_ە/ ی کردن_بەناو دەکرێت، ئەم پێواژۆیە بۆ ناولێنانی چشتە. بۆ ئەم مەبەستە، بیشڕوانە 'پەیوەندیی نیوان مۆرفێمەکانی /ە/'!

31_ب) /ورد_ە/ <وردە>، /درشت_ە/ <درشتە>، /گرمە/ <گرمە> و /خش_ە/ <خشە>.

هەروەها لەناوی ئاوەڵناویی گشتییش بە هەمان مۆرفێم ناوی تایبەتیی کورتکراوەو تەواو دروستدەکرێت. /گوڵە/ تەنها بۆ ئافرەتەو /کوردە/ بۆ ئافرەت و پیاویشە.

32_ا) /کورد_ە/ <کوردە>، /گوڵ_ە/ <گوڵە>،

مۆرفێمی کورتکردنەوەی ناو (ʼ/ە/ʼ)  بۆ ئاماژەدانە بە ناسراویی کەسەکەی. بەکارهێنانی بۆ مرۆڤیش وەك کەسێکی نزدییك باووبلاوە (33).

33_ /شێرزاد/ ~ /شێرە/ (شێرەی کورِم/برام)، /نەوزاد/ ~ /نەوە/ <نەوەی> (نەوەی هاورِێم).

ناکرێت مۆرِفێمەکانی بانگکردنی /ە/ ~ /یَ/ لەگەڵ مۆرِفێمەکانی دیاریکردنی /ە/ دا تێکەڵ بەیەکتریی بکرێن. کورتکردنەوە بە چرِیی ئاماژەدانە بە ئاماژەبەند (خەدیجە ~ خەجە ~ خەجیَ (خەجە خان ~ خەجیَ خان، ئەجە ~ ئەجیَ ~ ئەجیَ خان).
دیاریکردن بەمۆرِفێمی سفریش دەکرێت. گۆرِینی ناوی سروشتیی بۆ ناوی مرۆڤ لە (34) دا دەبینینەوە.
34_ /چرۆ_□/ <چرۆ>، /نەسریین_□□ / <نەسریین>.

مۆرِفێمی دیکەیش بۆ دروستکردنی ناوی کەس لە ناوی تر هەن و ئاشکراترن (برِوانە مۆرِفێمەکانی بچوککردنەوەو بەراوردیانبکە لەگەڵ ئەم نمونەیەدا!) □□.
35_ /ئاسك_ۆڵ/ > <ئاسکۆڵ> (/ئاسکۆڵ خان/).

وشەی دارِێژراو (لێکدراوی هەڵگوێزراو): ئەم چەشنە لە وشە ʼلێکدراوی هەڵگوێزراوی سەردەرکییʼ ەو واتای لێکدەرەوەیی بە فرێزی خستنەپاڵی ئاساییەوە هەیە. واتای وشەکانی وەك وشەی مۆرِفۆلۆژیی و پێچەوانەی وشە بنەرِەتیەکان دیاریکراوی گشتییە. ئەگەر بناغەکە ناوێکی کردەیی بێت، دەرکردەکەیشی کردەیی/چالاکیانە دەبێت (36_ب) و بە پێچەوانیشەوە (36_ا).
36_ا) /سەرچنار_یی/ <سەرچناریی> (خەڵکی سەرچنار)
/سەربەرز_یی/ <سەربەرزیی> (ئەدگاری شکۆداریی مرۆڤ)
/بێسەروبەر_یی/ <بێسەروبەریی> (ئەدگاری نارِێکوپێکی لە بییرو کردەوەدا)،
/کەموکورت_یی/ <کەموکورتیی> (ئەدگاری ناتەواویی چشت)،
_ب) /بەربووك_یی/ <بەربوکیی> (کردنی کاری بەربووك).

لاگرەکان بەزۆریی پۆلەرِەگەز_گۆرِن. ئەوەتا ئاوەڵناوی سەر_دەرەکیی /سەرگەورە/ لە (37_ا) دا بووە بە ناوی /سەرگەورە/. وشە دارِێژراوەکان پەیوەست بە بناغەکانیانەوە واتا_جۆراوجۆرن. چونکوم /سەرگەورە/ (سەرۆك: گەورەی خێزان، هۆزو کۆمەڵەکەیەتی و ئەرکی بەرِێوەبردن و چاودێرییە)، بۆ نمونە، بناغەکە ناوێکی کردەییەو دەرکردەکەیشی بە هەمان شێوە، سەر_دەرەکییەو /سەرگەورەیی/ یش (ئەدگاری سەرۆکیی) هەیەو لەناوەوەیشیدا جیاکردنەوە نییە. تەواوی وشە سەر_دەرەکیەکە واتای گشتیی هەیە، بەلاّم لە کێڵگە واتاییەکەیدا خۆی لە وشەی تری وەك /گەل، رِەعیەت، .../ جیاکردوەتەوە. ناوی /سەرگەورەیی/ (37_ب) واتای گشتیی هەیە، بەلاّم فرێزی ʼسەر گەورەʼ <سەر_گەورە> سەر_ناوەکییەو لەناو خۆیدا کەسێك، کە سەری گەورەیە لە کەسانی دییکە جیاکراوەتەوە، کە سەریان گەورە نییە). جیاکردنەوەکە لەناوەوەی پێکهاتوی /سەر گەورەیی/ دا ئاشکرایە (ئەدگاری سەر_گەورەیی لە حاڵەتیی /سەر بچوکیی/ جیاکراوەتەوە.
37_ا) /سەرگەورە_یی/ <سەرگەورەیی> (سەرۆك: گەورەی کۆمەڵ)،
_ب) /سەر_گەورە_یی/ <سەر_گەورەیی> (/سەر_گەورە/ (کەسێك، کە سەری گەورەیە))،
(/سەر_گەورەیی/ (حاڵەتی گەورەیی سەر (کەس)).

2_2/2) دیاریکردن لە سینتاکسدا

ئەم لێکۆڵینەوە سنوردارە ڕێگە تەنها بە چەند چەشنێك لە فرێزەکان و مۆرفیمە سەربەخۆو ناسەربەخۆکانی بەرهەمهێنانیان دەدات، شیکردنەوەو توێژینەوەیان لەسەربکرێت. ئەم چەشنانەیان بۆیە هەڵبژێردراون، چونکوم نمونەکانیان بۆ لایەنی ڕێزمانیی و واتاییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە گونجاوترینیان و ئەمەیش بۆ هەر هەوڵێکی زانستیی سەرکەوتوو پێویستە.

هەرچەندە بەرزترین پلەی دیاریکراویی لە سینتاکسدایە، لەگەڵ ئەوەیشدا نادیاریکراویی لە دیاریکراوییدا هەیە. ئەگر وەڵامی پرسیاری <ئەم خانوەتان کەی تەواودەبێت؟> ڕستەی <ئەمساڵ تەواودەبێت.> بێت، ئەوا ئاشکرایە، کە کاتی تەواوبونەکەی دیارینەکراوە. پلەی دیاریکردنەکەی بە زانیاریی وردتری پەیوەست بەکاتەوە بەرزترو بەرزتر دەکرێتەوە، تا بە تەواو تەواو دەگات، بۆ نمونە <ئەمساڵ لە بەهاردا.> ~ <ئەمساڵ لە هەفتەی یەکهەمی بەهاردا.> و ... هتد. لەمەوە بەوە دەزانرێت، کە لێکۆڵەر دەتوانێت و بۆ تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکەیشی پێویستە لەسەر توێژینەوەکانی لە بابەتە هەڵبژێردراوەکانی سینتاکسی ستانداردی کوردییدا بەردەوامبێت.

2/2_2_1) دیاریکردن لە فرێزدا

1_ فرێزی خستنەپاڵ

فرێزی خستنەپاڵ بە مۆڕفێمی /_ی/ ی خستنەپاڵەوە سەرناوەکیی سەر_سەرەتاییەو سەری فرێزەکە واتای گشتیی (ئەگەر بۆگەڕاوەیی بێت) و واتای لێکدەرەوەیی هەیە (38_ا). پەسنکەرەکان (گەنم : جۆ، زستان : هاوین، دەرگا، توور) سەرە ناوەکیەکان (/گوڵ، دەسك، سەرما، گەرما، کوڕ/) پەسندەکەن و واتای هەمبەریی بە فرێزەکان دەبەخشن و گشتێتییان سنوردار دەکەن. 'واتای لێکدەرەوەیی' مەرجێکی گرنگە لێرەدا. ئەگەر پەنسکەر ناوی کەسێك یان جێناوێك بێت، ئەوا واتای فرێزەکە لێکدەرەوەیی خاوەنداریی دەبێت (38_پ)، بەڵام ئەگەر ناوی کەس و جێناو نەبێت، ئەوا لێکدەرەوەیی خاوەنداریی تەواو نابێت (38_ب). هەردوو لێکدانەوە واتاییەکە بە /هی/ خاوەنداریی و بۆگەڕاوەیی دەکرێت. نمونەکانی (39) نیشانیدەدەن، کە ناو (/کوڕ، کچ/ (39_ا) واتای گشتییان هەیەو بەواتای گشتییەوە بەکاردەهێنرێن، بەڵام دەتوانرێن بە واتای دیارینەکراویی (39_ب، پ) و دیاریکراویشەوە (39_ت) بەکاربهێنرێن. دانسقەیی /گەورەکچ/ لەوەدایە، کە پەرادیگمای نییە (*/گەورەکوڕ/ ~ */گەورەپیاو/، */گەورئافرەت/، */گەورەژن/) و ئەمەیش دەیکات بە وشەو واتای نالێکدەرەوەیی (قەیرە) یان لێکدەرەوەیی بە فرێزی خستنەپاڵی ئاسایی (کچی شونەکردوی بەتەمەن) دەداتێ. /گەورەکچ/ خاوەنی دیاریکردنی ناوەکییە (کچی قەیرە/بەتەمەن) و تەواوی دەرکردەکە وەك هێما واتای گشتیی هەیە، بەڵام خۆ خۆیشی لە /کییژ/، /کیژۆڵە/ و /کچ/ یش جیادەکاتەوەو لەناو ئەم کێڵگەواتاییەدا خۆی جیاکردوەتەوەو خۆی دیاریدەکات.

فرێز دەیان و سەدان پەرادیگمای هەیە، بۆیە هەمیشە واتای لێکدەرەوەیی هەیەو ناوەکانیان دیارکراون (مێردی پیر : پیرەمێرد. ژمارەی پەرادیگمای وشەی لێکدراو لە نەبوون و دانسقەییەوە دەستپێدەکات تا بە زۆرترو زۆرتر دەگات. هەتا ژمارەی پەرادیگماکە بەرترز بێتەوە، دیاریکراوییش زۆرتر دەبێت *<زۆرتردەبێت> . نمونەکان لە سەر_ناوەکیی دەچن، بەڵام بۆیە سەر_دەرەکیین، چونکوم سەرە دەرەکیەکەو سەرە ناوەکیەکە یەك بناغەیان هەیە (بڕوانە (38_40).

38_ا) گوڵی گەنم (گشتیی بۆگەڕاوە: گوڵێك، کە هی گەنمە) ~ (پەسنکراو /گوڵ/ جیاکراوەیە) =

(بڕوانە 'گوڵی گەنم' ،'گوڵی جۆ' بە واتای لێکدەرەوەییەوە لەگەڵ /گوڵەگەنم/، و /گوڵەجۆ/!)

دەسکی دەرگا (گشتیی بۆگەڕاوەیی: دەسکێك، کە هی دەرگایە) :

(دەسك لە هەر چەشنێك بێت و هی هەر چەشنە دەرگایەك بێت) گشتیی

سەلکی توور (گشتیی بۆگەڕاوەیی: سەلکێك، کە هی توورە) ~ سەلکەتوور (دیاریکراو)

سەرمای زستان (گشتیی بۆگەڕاوەیی: سەرمایەك، کە هی زستانە =سەرمای هەمو زستانێك) :

گەرمای هاویین (گشتیی بۆگەڕاوەیی: گەرمایەك، كە هی هاوینە – گەرمای هەر هاوێنێك

_ب) كوڕی پاشا (گشتیی جیاكراوە: كوڕێك، كە هی پاشایە) :

كوڕی گەدا (گشتیی جیاكراوە: كوڕێك، كە هی گەدایە): كوڕی پاشا گەڕایەوە.

_پ) كوڕی من (كوڕێك، كە هی منە)، خانوی من (خانوویەك، كە هی منە)، بەڵام

خانویەك، كە هی منە، ... یان خانوەكەی من گەورەیە (ئەو خانوەی، كە هی منە)

كوڕی سیروان بەكهەم دەرچو. (كوڕەكەی سیراون/كوڕێك لە كوڕەكانی)

39_ا) كوڕ خۆشەویستترە لە كچ (هەمو كوڕێك/كچێك = گشتیی: كوڕان خۆشەویستترن)

_ب) كوڕی سیروان (كوڕ = دیاریكراوی ناتەواو: كوڕی سیروان بەیەكهەم دەرچو.) ~

_پ) كوڕێكی سیروان (دیاریكراوی نەناسراو: كوڕێكی سیروان بە یەكهەم دەرچوو)

_ت) كوڕەكەی سیروان (كوڕ دیاریكراوی تەواو: كوڕەكەی سیروان بەیەكهەم دەرچو)

_ج) پیاوی ئازا (گشتیی جیاكراوە: ئەو پیاوانەی، كە ئازان) : (وەسفكراو/پیاو/ جیاكراوەبە)

ڕونكردنەوەی جۆرەكانی دیاریكردن لە نمونەكانی (38_39) دا:

(38_ا) ʼگوڵی گەنمʼ: /گوڵ/ گشتیی_دیاریكراوە (گوڵێك، كە هی گەنمە)،

(38_ب) ʼكوڕی پاشاʼ (گشتیی_دیاریكراوە، (كوڕێك، كە هی پاشایە)،

ʼكوڕی پاشا گەڕایەوەʼ (دیاریكراو_ناسراو: كوڕەكەی پاشا گەڕایەوە)

ʼكوڕانی پاشا گەڕانەوەʼ (دیاریكراو_ناسراو: كوڕەكانی پاشا گەڕانەوە)

(38_پ) ʼكوڕی منʼ دیاریكراوە، هی منە (كوڕەكەی من/كوڕێك لە كوڕەكانی من)

39_ب) ʼكوڕی سیروانʼ گشتیی_دیاریكراوە، كوڕی ئەوە (كوڕەكەی؟؟/یەكێك لە كوڕەكانی)

ʼكوڕی سیروان بەیەكهەم دەرچووʼ دیاریكراو_ناسراو (كوڕەكەی سیروان)

(39_پ) ʼكوڕێكی سیروانʼ (دیاریكرا_نەناسراو/نەزانراو)،

(39_ت) ʼكوڕەكەی سیراوانʼ (دیاریكراو_ناسراو/زانراو)،

(39_ا) /كوڕ/ (گشیی):

ʼكوڕ خۆشەویستترە لە كچʼ (گشتیی: هەمو كوڕێك/هەر كوڕێك بگریت، خۆشەویستترە).

فرێزی خستنەپاڵیی گشتیی: (ا) فرێزی خستنەپاڵ واتای گشتیی و لێكدەرەوەیی هەیە، چونكوم سەرناوەكییە. سەری واتایی فرێزەكە لەسەرەتادایەو ئاوەڵناو لە كۆتاییدایە، واتە لەڕوی واتاوە ʼسەر_سەرەتاییʼ ە. لەو ڕووەوە، كە ئاوەڵناوەكە لە كۆتاییدایە، فرێزەكە سەر كۆتاییە. /چاو/ ناوێكەو واتای گشتیی هەیە، بەڵام لێرەدا ئاوەڵناوی /شین/ چاوەكەی بەوە دیاریكردووە، كە شیینە. بە واتایەكی تر /چاو/ جیاكراوەیەكی دیاریكراوە. ئەمەیش داوای ئەوە دەكات، كە سەری ڕستە سەرجێناویەكەی ئاوەڵفرێزەكەی جێناوێكی نیشاندانی هەبێت (ʼئەو چاوەیʼ).

فرێزە ئاوەڵناویەكەی (39_ج) و (28_ب) نمونەن بۆ وەسفكراوو وەسفكەر هێنراونەتەوە. فرێزی ʼپیاوی بەغیرەتʼ) بەواتای لێكدەرەوەییەوەو گشتییە، بەڵام هەندێك فرێز وشەی تەكیەكخراویان بە واتای نالێكدەرەوەییەوە. /چاوشیین/ (كەسی چاوشیین: < ئەو حەزی لە ئافرەتی چاوشیینە.>) وشەیەو ʼچاوی شیینʼ (چاوی ڕەنگ_شیین: <ئەو حەزی لە چاوی شیینە.>) فرێزەو

جیاوازییان لە واتای نالێکدەرەوەیی و لێکدەرەوەییدایە. ئەویان واتای گشتیی (تەمومژیی) و ئەمیان واتای ناگشتیی/دیاریکراوی (ڕوون) هەیە. فرێزەکان بە ڕستەی سەرجێناویی لێکدەدرێنەوە. سەری ڕستەکە دیاریکەری نەناسراوییە.

فرێزی خستنەپاڵی بۆگەڕاوەیش هەمان ڕونکردنەوەی هەیە (<دەسکی دەرگا>). /دەرگا/ بۆ گوێگری دیاریدەکات، قسەکەر لە دەسکێك دەدوێت، کە بۆ دەرگا دەگەڕێتەوە، نەك بۆ نمونە بۆ پەنجەرە (بەراوردییکە لەگەڵ <دەرگای دەرەوە> : <دەرگای ناوەوە> دا!). ڕێژەی ئەم دیاریکردنە لەوەی فرێزی خاوەندارییی (بڕوانە (ب)!) کەمترەو لەوەی فرێزی خستنەپاڵی ڕووت زۆرترە.

(ب) فرێزی خستنەپاڵی خاوەندارییی دیاریکراوی تایبەتیی دەردەبڕن. /دەست/ وشەیەکە بە واتای گشتییەوە، بەڵام جێناوەکە/ناوەکە بەجۆرێك دیاریکردووە، کە بزانرێت لە کام /دەست/ ە قسەدەکرێت. ئەمیان ئەو ڕاستییە ئاشکرادەکات، کە وشەی کۆتایی فرێزەکە بڕیار لەسەر پلەی دیاریکراویی دیاریکراوەکە دەدات.

40_ فرێزی خاوەندارییی بە ناوی کەس/جێناو_تایبەتیی (+ناسراو)

دەستی من ~ دەستم (جێناوەکە دەستەکە دیاریدەکات و خاوەنەکەیشی ناسراوە)

دەستی من کورتە/کورتن (دەستەکانم، هەردوو دەستم) = بەخشکەیی_دەربڕیین

فرێزی خستنەپاڵ، لە هەرچ چەشنێك بێت، دەتوانرێت فراوانبکرێتەوە. پەسنکەر (ئاوەڵناوو ناوی ئاوەڵناویی) یان بۆگەڕاوەو خاوەندار هەمیشە یەکەیەکی سینتاکسیی بەرهەمدەهێنن و سەگمێنتەکانی پێش خۆیان دیاریدەکەن. 'پاشای سەقەندوس' ئەو یەکە سینتاکسییەیەو 'کوڕ' دیاریدەکات. 'کوردی باکور' یش هەمان گۆکردنی هەیە (بۆ زانیاری زۆرتر بڕوانە 'دیاریکردن لە فرێزی فراوانکراوە' دا!).

41_ا) کوڕی پاشای سەقەندوس. 41_ب) کوڕی کوردی باکوور.

(پ) فرێزی خستنەپاڵی چەسپاو: ئەم چەشنە فرێزانە بەهۆی سەردەرەکیی و واتای مێتافۆرییانەوە پتر لە وشە دەچن، بۆیە واتاکانیان دیارکراو نییەو سەگەمێنتە پێویستەکانیشیان بەسەریەکەوە دەنوسرێن :

42_ موی لووت، سەگی برسیی، سەگی پێسوتاو

2_ فرێزی دیاریکەرو دیاریکردن

ئاوەڵناو/پەسنکەر ئاوەڵناویی بەکاردەهێنرێت و دیاریکەرەکانیش بە پێوەلکاوەکانیانەوە هەر لە کۆتاییدان (43_ا، ب)، بۆیە بەیەکەوە قەدەکە دیاریدەکەن (43_پ، ت). لەم نمونانەی دواییاندا دەستەواژەکانی 'کوردەکە' و 'کوردێك' قەدەکانیان، کە 'کوڕ' ە، دیاریدەکەن. هەر کە مۆڕفێمی دیاریکردنی نەناسیاریی بە قەدەکەوە لکا، قەدەکە دەکات بە ناسیارو 'کورد' یش ئەم دیاریدەکات (43_ج). ئەم جۆری دیاریکردنە وابەستەی دیاریکەرێکە، کە مۆڕفێمێکی سەربەخۆی وەك ئاوەڵناو، ناوی ئاوەڵناویی و ... هتد.ە (بڕوانە فرێزی دیاریکردنی فراوانکراوە !).

فرێزی (43_ا) نمونەی دیاریکراوی ناسیاریی دەنوێنێت، بەو واتایەوە، کە دیاریکەرەکە قەدەکەی دیاریکردووە، بە جۆرێك کە لەلای قسەکەرو گوێگریش ناسراون. ئەم ڕاژەکردنە بۆ نمونەکەی (43_ب) یش هەما چشتە، کە فرێزێکی دیاریکراوی نەناسیارییە، واتە کە 'کوڕ' ەکە بۆ قسەکەرو گوێگر نەناسراوە.

لە دەستەواژەی 'کوڕەکورد' ی (43_پ) دا، 'کورد' قەدەکەی دیاریکردووە، کە 'کوڕ' ەو مۆڕێمی ناسیاریەکەیش یەکەی دەستەواژەکەیە. لەمیاندا دیاریکراوەکە هەر قەدەکەیە. مۆڕفێە لکاوەکەی /_ە/ بە 'کوڕ' ەکەوە وەك نیشانەیەك وەهایە ئەم

ڕاستییە ئاشکرادەکات. دەستەواژەکەی 'کوڕە کوردێك' ی (43_پ) بە دیاریکردنی نەناسیاریی دیاریکراوەو ئەو دیاریکراویەی ئەمیش هەر بۆ قەدەکە دەگەڕێتەوە –بەدیارکراوی ناسیاریی 'کوردەکە' قەدەکە 'کوڕ' دیاریکراوە.

هەمبەر بە (43_ت)، لە نمونەکەی (43_ج) دا ڕاستەوخۆ قەدەکە بە پاشگری نەناسیاریی دیاریکراوەو 'کوڕ' ەکەیش وەك ناوێکی تایبەتیی حسابی ناسراوی بۆکراوە. کەواتە لەمیاندا 'کورد' بە پاشگری /_ێك/ نەکراوە بە نەناسراو. واتا، 'کورد' ی ناسراو 'کوڕ' ی نەناسراوی دیاریکردووە.

ئەو دابەشبونەی دیاریکردنی قەدەی فرێزەکان لە (43_پ، ت) لەگەڵ (43_ج) دا ئاماژەی بەهێزن بۆ جۆری لێکدانەوە واتاییەکانیان و بۆ ئەوەی، کە مۆرفیمەکانی دیاریکردن پێڕەویان هەیە.

43_ا) کوڕ_ەکە <کوڕەکە> (کوڕە ناسراوەکە(_مان)، کوڕە_ەکان (کوڕە ناسراو(_ەکانمان))،

_ب) کوڕ_ێك <کوڕێك> (دیاریکردن بەنەناسیاریی: کوڕێکی نەناسراو/نەزانراو)،

_پ) کوڕە کوردەکە (دیاریکردن بە ناسیاریی: کوڕەکەی، کە کوردە ~ ئەوکوڕەی، کە کوردە)،

_ت) کوڕە کوردێك (دیاریکردن بەناناسیاریی: کوڕێك، کە کوردێکە ~ کوڕی کوردێك)

_ج) کوڕێکی کورد (کوڕێك، کە کوردە) ~ (کوڕێکی نەناسراوی کورد/لە ڕەگەزی کوردە)

مەوداو ئاڕاستەی مەودای دیاریکەر:

مەودای مۆرفیمی دیاریکەر وەك پاشگر دەبێت قەدەکەی بێت، کە ناوێکە ('کوڕ_ەکە، کوڕ_ەکان، کوڕ_ێك، کوڕان_ێك ~ کوڕ_انێك'). دیاریکەر ناچێتەسەر ئاوەڵناوو ئاوەڵکردار (*جوان_ەکە، *جوان_ەکان، *جوان_ێك، *جوانان_ێك). کاتێك ئەم فرێزانە ڕێگەپێدراون، کە کورتکراوەی لەو چەشنەی دەربڕینەکان بن، کە قەدەکانیان دەرنەبڕدراوە ('کچە جوانەکە ~ جوانکە، کچێکی جوان ~ جوانێك').

مۆرفیمی /_ێك/ ی نەناسراویی کۆتایی 'کوڕە کوردێك' ی (43_ت) ، لەڕوی واتاییەوە، یان بۆ 'کوڕ' دەگەڕێتەوە یا بۆ 'کورد' ەکە. ئەگەر بۆ 'کوڕ' بگەڕێتەوە، ئەوا کوڕەکە کوردێکە، بەڵام ئەگەر بۆ 'کورد' بگەڕێتەوە، ئەوا واتای (کوڕی کەسێکی کورد) دەبەخشێت. بۆیە دوو لێکدانەوەی واتایی هەیە: (کوڕێك، کە کوردە) و (کوڕی کەسێکی کورد). کەواتە لەڕوی واتاییەوە (ا) هەر یەك لە سەگمێنتەکانی فرێزەکە بەجیا دەگرێتەوە. تەواوی فرێزەکە لەڕوی ڕێزمانەوە فرێزێکی دیاریکەرە، واتا (ب) مۆرفیمی /_ێك/ تەواوی دەستەواژەی 'کوڕە کورد' دەگرێتەوە.

فرێزی 'کوڕێکی کورد' (43_ج)، کە تێیدا 'کوڕێك' دیاریکراوی نەناسراوە، واتای (کوڕێك، کە کوردە) ی هەیە، واتە ناوەرۆکێکی واتایی جیاوازی لە 'کوڕە کوردێك' هەیە، کە تێیدا 'کوردێك' دیاریکراوی نەناسراوە. هۆی ئەم یەك_واتایی و دوو_واتاییەی ئەو دوو فرێزە ئەوەیە، کە مەودای دیاریکەر سەگمێنتەکانی پێش خۆیەتی، نەك ئەوانەی دوای خۆی. ئەو دوو فرێزە لەگەڵ فۆڕمە کۆیەکانیاندا 'کوڕانێکی کورد' و ؟؟'کوڕە کوردانێك' دا بەراوردبکە! واتا، ئەمیان ('کوڕێك') بەڵگەیە بۆ ئەوەی، کە پاشگری دیارینەکەری /_ێك/ ی فرێزەکەی 'کوڕە کوردێك' بۆ 'کوڕ' ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ 'کورد' و مەودای 'کوردێك' وشەی 'کوڕ' ە، چونکوم نە /_انێك/ و نە /'کوردانێك' یش بۆ 'کوڕ' ناگەڕێتەوە، بەڵکو مەودای 'کوڕێك' قەدەکەی '.

مەودای دیاریکردن لە فرێزی دیاریکەری فراوانکراوەدا: ئەم شیکردنەوانە بۆ فرێزی 'کوڕە کوردەکە' یش هەمان چشتە. دیاریکەر ناچێتەسەر ئاوەڵناوو ئاوەڵکردار –بەدەر لە ناوی ئاوەڵناویی و ناوی ئاوەڵکرداریی ('کوردێك'/'گوڵێك'، 'شەوێك'). بەپێی ئەوەی ڕێکەوتن لە نێوان ناوو ئاوەڵناودا نییەو بەگوێرەی ئەم ڕاستییەیش 'کوردە ئازاکە' دیاریکەری 'کوڕ' ی فۆڕمە فراوانکراوەکەی 'کوڕە کوردە ئازاکە' (44_ا) ەیەو 'کوردەکە' یش دیاریکەری قەدەی 'کوڕە ئازا' ی فرێزی 'کوڕە ئازا کوردەکە' یە (44_ب).

بە واتایەکی تر پەسنکەرو بۆگەڕاوە یەکەی سینتاکسیی بەرهەمدەهێنن و ئەمانیش گۆکردنی دیاریکردنیان دەبێت. لەناوەوەی ’کوردە ئازا’ دا، ئازا پەسنکەرو دیاریکەری ’کورد’ ە و دیاریکەری ناسیارییش ’کوردە ئازا’ ی دیاریدەکات و بە هەمو ئەمانیش قەدەکە، کە ’کوڕ’ ە.

44_ا) کوڕە کوردە ئازاکە (کوڕەکەی، کە کوردی ئازایە)،

_ب) کوڕە ئازا کوردەکە (کوڕە ئازاکەی، کە کوردە)

45_ا) کوڕێکی کوردی ئازا (کوڕێك، کە کوردی ئازایە)،

_ب) کوڕێکی ئازای کورد. (کوڕێکی ئازا، کە کوردە).

لەڕوی ڕێزمانییەوە /_ەکە/ ی (44_ا) ’کوڕ’ ی گرتوەتەوەو لە (44_ب) یشدا ’کوڕە ئازا’. مەودای دیاریکەری نەناسیاریی /_ێك/ لە (45) دا هەر ’کوڕ’ ە. هۆی ئەمە بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە، کە دیاریکەر سەگمێنتەکانی پێش خۆی دیاریدەکات. بەم پێیە، لە فرێزێکی وەك (44_ا) یا (44_ب) دا، مۆرفێمی دیاریکەری /_ەکە/ تەواوی فرێزەکەی لە مەودادا نییە، بەڵکو تەنها دەستەواژەکەی ڕاستەوخۆ پێش خۆی هەیە. دەبێت بەپێی ڕێکخستنی دروستەی ناوەوەی سەگمێنتەکانی فرێزەکەی پێش مۆرفێمی دیاریکردنەکە، واتە بەگوێرەی دەستەواژەکانی ’کوردە ئازا’، فرێزی ’کوڕە کوردە_ئازاکان’ (کوڕە کوردەکان ئازان) واتایەتی و بەگوێرەی ’کوڕە کورد’ (کوڕەکان_کوردی ئازان) لێکدەدرێتەوە، نەك (*کوڕەکان کوردانی ئازان).

ڕێکەوتنی وشە ژمارەو ژمێردراو نییە (دوو سەگ ~ *دوو سەگان) و ئەوەی ناوو ئاوەڵناویش لە ژمارەو توخمدا (کوردە ئازاکان ~ *کوردەکان ئازاکان). دەرەنجامی ئەم ڕاستییە ئەوەیە، کە ئاوەڵناو فۆرمی کۆی نییە (کوڕە ئازاکان ~ کوڕەکان ئازاکان ~ *کوڕان ئازا، کوڕانێکی ئازا ~ *کوڕانێکی ئازاکان، هەر بۆیە دەبێت مەودای /_ەکان/ لە بنەڕەتدا ’کوڕە کوردە ئازاکان’ دا، بۆ نمونە، هەر ’کوڕ’ بێت، چونکوم /کورد/ ناوێکی ئاوەڵناوییەو ڕەفتاری ئاوەڵناویشی هەیە. تێبینیی ئەوە بکە، کە ’کوڕانی ئازاکان’ کورتکراوەی ’کوڕانی کوردە ئازاکان’ ە و وەك ئەمەیان ڕێگەپێدراوە.

مەودای دیاریکەر لە فرێزی خستنەپاڵدا: مۆرفێمی دیاریکردن لە فرێزی خاوەندارییدا (<خانوەکەی من>) تەنها بۆ قەدەکەیەتی (’خانوو’) ’. خۆ ئاشکرایە، کە ناوی تایبەتیی و جێناو مۆرفێمی دیاریکەر وەرناگرن (*<خانوەکەی منەکە>، *<خانویەکی منەکە>). ئەمە بۆ پێکهاتوە ئاڵۆزکانیشیان هەمان چشتە (’خانوەکەم’ ~ ’*خانوەکەمکە’، ’خانویەکەم’ ~ ’خانویەکمکە’) .

لە ئەنجامی ڕێسای ٧٧* دا، فۆرمی /_یەك/ ی فرێزی ’خانویەکی من’ ئەڵتەرناسیۆنێکی فۆنۆلۆژیانەی مۆرفێمی دیاریکردنی نەناسیاریی /_ێك/ ە (’چرا_ێك <چرایەك>) و تەنها بۆ خانوەکە دەگەڕێتەوە.

لە پێکهاتوە فراوانکراوەکانی ’فرێزە_بۆگەڕاوەکان’ دا، مۆرفێمی ناسیاریی /_ەکان/ سەر بە ’فرێز’ ەکەیە (’دەسکی دەرگا_ەکان <دەسکی دەرگاکان>’) و مەوداکەی هەردو ناوەکەی /دەسك/ و /دەرگا/ ی لەناودایە (بڕوانە نمونەکانی (38)!).

واتا، هەم /دەسك/ و هەم /دەرگا/ یش لە فۆرمی کۆدان. ئەگەر ’دەرگاکان’ کۆ بن، ئەوا ’دەسکەکان’ یش هەر لە فۆرمی کۆدان (= دەسکەکانی دەرگاکان). هەر بۆیە ڕستەی <دەسکی دەرگاکان شکاون> و <دەسکەکانی دەرگاکان شکاون> هەمان ناوەرۆکیان هەیە. لە ڕستەی <دەسکی دەرگاکان شکاون.> دا، پەیوەندیی ڕێکەوتن لەنێون ’دەسککەکان’ و ’شکان’ دایە، بەڵام هەمان ناوەرۆکی فرێزکانی پێشتری هەیە. ’دەسك’ و ’دەرگاکان’ هەردوکیان کۆ دەبەخشن. دەشێت لە فرێزێکی فراوانکراوەیشدا هەر قسە لە دەسکەکانی چەند دەرگایەك بکرێت ’دەسکی دوو دەرگایان شکاوە’. خۆ دەشێت دەرگایەك لە دوو دەسك زۆرتری هەبێت، بۆیە دیاریکەری کۆی /_ەکان/ لە فرێزی ’دەسکەکانی دەرگاکە’ دا تەنها بۆ ’دەسکەکان’ و /_ەکە/ یش بۆ ’دەرگاکە’ دەگەڕێتەوە. لێرەیشدا مەودای دیاریکەری ناسیاریی بەرەوپێش دەچێت و سەگمێنتەکانی دەگرێتەوە، بەڵام مەودای دیاریکەرە نەناسیاریەکەی تەنها قەدەکەی خۆی و ئەوانەی لەپێشیەوە هاتوون، لە مەودایدایە.

لە فرێزی 'سیروانی کوڕی من' دا، فرێزی 'کوڕی من' ناوە تایبەتیەکەی 'سیروان' ی دیاریکردووەو 'ە ن' یش 'کوڕ'. کە لەناو فرێزی 'سیروان ی کوڕم' دا، فۆڕمی تێئاخنراوی مۆرفۆسینتاکسیانەی 'کوڕی من' دەبینرێت، بۆئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم فرێزەی کۆتاییان یەکەیەکەو دیاریکەری 'سیروان' ە. بەم شێوەیە لە فرێزی خستنەپاڵیدا، مەوداو ئاڕاستەی دیاریکردن شێوەی ئەوانەی فرێزی دیاریکەرن.

3_ دیاریکردن لە فرێزی کرداربەندییدا

پێکهاتوی کرداربەندیی بە ئاوەڵناوەوە بۆ پەسنکردن یان وەسفکردنە (و پێداهەڵدانە): سەگمێنتێك ڕێگەپێنەدراوە، کە نائارگومێنتەو بەتەنهایە لە ڕستەیەکدایە، کە کردارەکەی کۆپولایە. بۆئەوەی ڕێگەپێدراو بێت، سەگمێنتە نائارگومێنتەکە لەناو ڕستەدا بە کۆپولاکەوە دەبەسترێتەوە. بەم شێوەیە ڕێگە بە بونی ئەو ئارگومێنتە دەدرێت و ڕستەکەیش ڕێزمانیی دەبێت ('سوور' و 'سوور سوور') لە (46) دا. دوپاتکراوەکە حاڵەتی (چۆنیەتیی) بکەرەکە نیشاندەدات و جۆرێکی لاواز لە دیاریکردن دەنوێنێت. دوبارەکردنەوە لە سینتاکسدا بۆ زۆرییە بە واتای جیاوازەوە. لەم چەشنە دوپاتکردنەوەیە لە وشەدروستکردندا بەگشتیی و بۆ ئەم واتایە بەتایبەتیی بونی نییە. کرداربەندیی لەگەڵ /بون/ ی حاڵەتیشدا هەیە (46_ب).

46_ا) گوڵ_ەکە سوور ە <گوڵەکە سوورە.> ~

گوڵەکە سوور_سوور ە <گوڵەکە سوور سوورە.> (بۆ تۆخیی)،

بەرز_بەرز ە <بەرزبەرزە> (بۆ زۆریی لە بەرزییدا)،

زۆر_زۆر ە <زۆر زۆرە> (بۆ زۆریی)،

کەم_کەم ە <کەمکەمە> (بۆ کەمیی)،

گەورە_گەورە_ە <گەورە گەورەیە>، زل_زل_ە <زل زلە.> ((بۆ گەوریی قەوارە)،

دوور_دوور ە <دوور دوورە> (بۆ دورییە <دوور دوورە.>).

_ب) گوڵەکە سوور بو. گوڵەکە سوور سوور بو.

خاویی/درێژیی <وو> ی <دوورا1> نیشانیدەدات، کە سەگمێنتەکانی پێکهاتوە سینتاکسیەکە بەجیا دەنوسرێن و وەستان و پشوو لەنێولنیاندا هەیە . هەروەها دوپاتکردنەوەی سینتاکسیی بەبێ جۆری /ە/ ی دیاریکردنیش دەبینرێتەوە. ئەم فۆڕمەی دوبارەکردنەوەیە بۆ چۆنیەتی بەجێهێنانی کردارەکەیەو بۆ دیاریکردنی ڕەوتە لە سینتاکسدا.

47_ ورد_ورد ب_ی_جن_ە <ورد ورد بیجنە!> (بۆ قەوارە)،

گەورە_گەورە ب_ی_جن_ە <گەورە گەورە بیجنە!>،

وردە_وردە وەر_ە پێش <وردە وردە وەرە پێش!> (بۆ لەسەر خۆییە)،

هێواش_هێواش بێ_ن_ە خوار_ێ <هێواش هێواش بێنە خوارێ!>،

<خوڕ خوڕ ئاو بە چاویدا دەهاتە خوار> (بۆ بڕە، بۆ هەندێتیی و چەندێتییە) ،

<دانە دانە> (بۆ دانەی لەزنجیرەدا/ڕیزدا) ، <دڵۆپ دڵۆپ>، <یەك یەك وەرنە ژورەوە>).

4_ دیاریکردن بە جێناوی نیشاندان (ئاماژە)

نیشاندان وەك دیاریکردن: /ئەم، ئەو/ و /ئەمان، /ئەوان/ جێناون، بەڵام /ە/ ئاماژە (ئیشارە) بۆ ئاماژەبۆکراوەکە/*دەرخراوەکە دەکات، بۆیە هەردو توخمەکە بەیەکەوە ناوی 'جێناوی ئاماژە' یان لێنراوە، نەك 'جێناوی ئیشارە'. چونکە جێناوی ئاماژە

ئاماژەبۆکراو دیاریدەکات، دەیشتوانرێت لەبری ئەمیان بەکاربهێنرێت (ئەم پیاوانە ~ ئەمانە). ئەم بەکارهێنانە بۆ گرێی فراوانکراوەو پەیوەست بە ناوەرۆکەکەیەوە نیشانەی پرسیاری لەسەرە (ئەم پیاوە کرێکارە کوردانە ~؟ئەم کوردانە ~ *ئەمانە).

سەگمێنتەکانی /ئەم، ئەمان/ و /ئەو، ئەوان/ جێناوی نیشاندانن و سەگمێنتی /ە/ ی کۆتاییش نیشاندەری نیشاندراوەکەیش ’نیشانەیە/علامەیە’ و هەردوکیشیان دەتوانرێن بەیەکەوە ناوی جێناوی نیشانەیان لێبنرێت. بەم پێیە جێناوەکانی ئاماژە /ئەم ...ە، ئەمان...ە/ و /ئەو...ە، ئەوان...ە/ بۆ نیشاندانن. گونجاوترە زاراوەی ’جێناوی نیشاندان’ بۆ ئەمان تەرخانبکرێت، بۆئەوەی لە زراوەکانی /ئاماژە/، /ئاماژپێدان/ و /ئاماژۆبۆکردن/ لە سینتاکسدا لەیەکجیابکرێنەوەو تێیکەڵ بەیەکتر نەکرێن.

جێناوی نیشاندان /ئەم ...ە، ئەمان...ە/ بۆ نیشاندانی تاك و کۆی نیشاندراوی نزدییك لەگەڵ /ئەو...ە/ و /ئەوان...ە/ بۆ دورەکانیان لە فەرهەنگدا تۆمارکراون و لە سینتاکسدا وەك جووت_لاگر یان بەسەریەکەوە وەك خۆیان بەتەنها بەکاردەهێنرێن. گەلێك جار نیشاندانەکە بە پەنجە_بۆ_ڕاکێشانیشەوەیە. بەکارهێنانی فۆڕمی خۆیان بەتەنها بۆ نیشاندانە (<ئەمانە کوردن و ئەوانە فارسن.>). پێکهاتوی ’کوردن’ هەم نیشاندراون و هەمیش دیاریکراون (دیاریکراوی نیشاندراو). نیشاندراو دیاریکراوە (<ئەم پیاوە>) و دیاریکەر/*دەرخەر ئاوەڵناوە یان ئاوەڵناوییە (<ئازایە>/<کوردە>). لە ڕستەی (<ئەمانە کوردن و ئەوانە فارسن.>) دا نیشاندراو/دیاریکراو دەرنابڕدرێت وجێناوەکە نوێنەرایەتیدەکات. نیشاندراوەکە/دیاریکراوەکە بەگشتیی ’ناوێك’ ە (’ئەم پیاو_ە’) یان دەستەواژەیەکە (’ئەم پیاوە کورد’ ەی <ئەم پیاوە کوردە>). ’کورد’ ناوی ’پیاو’ ی دیاریکردوەو بە /ە/ نیشانەیکردووە. ئەم شیکردنەوەیە پێماندەڵێت، کە ’ئەم’ دەستەواژەی ’پیاوە کورد’ نیشاندەدات و بە /ە/ ی کۆتایی تەواوی فرێزەکەیش نیشانەیدەکات. یەکە نیشاندراوەکە دەکەوێتەناو سەگمێنتەکانی ’ئەم ... ە’ ەوە. بەم جۆرە، کاتێك جێناوی نیشانەکە لەگەڵ نیشاندراوەکەدا/دیاریکراوەکەدا دێت، وەك جووت_لاگر دەردەکەوێت (’ئەم_پیاو_ە’). خۆ دیاریکراوو دیاریکەریش بەیەکەوە دەکەونەناو سەگمێنتەکانی جێناوی نیشاندانەوە (’ئەم _پیاوە کورد_ە’):

جێناوی نیشاندانەکە (ئەم/ئەمان، ئەو/ئەوان) لەپێش ناوەکەوەن و/فرێزەکەوەن و ’نیشانە’ کەی (/_ە/) بە کۆتایی نیشاندراوەکەوە دەردەکەوێت. نیشانەی /ە/ یەکە نیشانیدەدات، کە جێناوی نیشاندانەکە نیشاندراوەکە دەگرێتەوە، کە لە گرێی (<ئەم پیاوە>) دا (<پیاو>) ەو لە گرێی فراوانکراوەکەی (<ئەم پیاوە کوردە>) دا دەستەواژەی (’پیاوە کورد’) ەکەیەو لە فراوانکراوە <ئەم پیاوە کوردە بەساڵاچوە> دا <پیاوە کوردە بەساڵاچووە> یە. لەناو دەستەواژەی ’پیاو_ە_کورد’ دا، کورد دیاریکەری پیاوەو /ە/ییش نیشانیدەدات، کە نیشاندراوەکە/دیاریکراوەکە ’پیاو’ ە. ’بەساڵاچوو’ یش ’پیاوە کورد’ دیاریدەکات. هەمو ’پیاوە کوردە بەساڵاچوو’ لەناو مەودای دیاریکردنی ’ئەم ... ە’ دایە.

کەواتە، گرێکە دەتوانرێت بۆ <ئەم پیاوە کوردە بەساڵاچووە> فراوانتر بکرێتەوە. لەم گرێیەیاندا (<بەساڵاچوو>) دیاریکەری دەستەواژەی ’پیاوە کورد’ ەیە. نیشاندەری /ە/ ی دوای ’پیاوە کورد_ە’ نیشانیدەدات، کە دیاریکراو (’پیاوە کورد’) ەیە. سەگمێنتی /ە/ ی کۆتایی گرێی (’ئەم پیاوە کوردە بە ساڵاچوو_ە’) نیشاندەری ئەوەیە، کە نیشانەی ئاماژەکە هەمو دەستەواژە فراوانکراوەکەی گرتوەتەوە، کە (’پیاوە کوردە بەساڵاچوو’) ەکەیە.

ئەم وەچەپێڕەوەی پێڕەوی دیاریکردنە هێندە گرنگە لەبۆ پێواژۆی دیاریکردن، کە تەنانەت بەکارهێنانێکی زۆری /ە/ ی هەیەو لەڕێیشیەوەیە، کە گرێکان دەتوانرێن سوڕیی فراوانبکرێن. ئێستا دەشێت بگوترێت، کە دوو جۆر /ە/ ی هاوبێژ هەن: یان ئەوەتا /ە/ ی لەگەڵ جێناوی نیشاندان‌دا_هاتوو و /ە/ ی نیشاندەری نیشاندراو هەن، یان هەر یەك /ە/ ی جێناوە نیشاندانەکە هەیەو لەڕێی بۆ نمونە کۆپیکردنەوە دوبارەدەکرێتەوە. ’کورد’ و ’کوردە بەساڵاچوو’ پەسنکەرن، بۆیە ’پیاو’ نیشاندراویشەو پەسنکراویش (48).

48_ا) داڕشتنی دروستەی <ئەم پیاوە کوردە بەساڵداچووە>،

[ئەم [[پیاو_]ە [کورد_]]ە بەساڵاچوو]]]_ە ،

_ب) [پیاو] ە [[کورد]] ەکە]]] .

بۆچیی دەتوانرێت فرێزی ئاوەڵناویی بە مۆڕفێمی دیاریکەرەوە بەرهەمبهێنرێن؟ بۆچی فرێزەکانی <گردە بەرزەکان>، (<پیاوە کوردەکان> و <شەوە درەنگەکان> وەکیەك ڕێگەپێدراون؟ لەم چەشنە گرێیانەدا، پەسنکەر ئاوەڵناوە (/بەرز/)، ناوی ئاوەڵناویی (/کورد/) یان ئاوەڵکرداره (/درەنگ/) ەو گۆکردنی دیاریکردنیان هەیە. هەر یەك لە <گردەبەرز>، <کوڕە کورد> و <شەوە درەنگ> دەستەواژەیەکە، نەك گرێیەکی تەواو. دوانیان ئاوەڵناویی و ئەوی تریان ئاوەڵکردارییە. لە هەر سێکیاندا ئاوەڵناوو ئاوەڵکردار، ئاوەڵناویی وەك پەسنکەر بەکارهێنراون، چونکە هەمویان لە بەکارهێنانی ئاوەڵناویی ئاساییدان (A-N) و چشتەکان وەك خۆیان پەسندەکەن. لەبەرئەوەی ئەمانە لەلایەکەوە دەستەواژەن و لەلایەکی تریشەوە ئاوەڵناوەکە، ناوە ئاوەڵناوییەکەو ئاوەڵکردارەکە پەسنکەرن، ئەگەری ئەوە هەیە دیاریکەری /_ەکە، _ەکان/ لە کۆتایی دەستەواژە جۆراوجۆرەکانیاندا بێن. لەسەروئەوەیشەوە دەزانرێت، کە پەسنکەرەکان (/بەرز، کورد، درەنگ/) لەڕێی /ە/ ی نیشاندەری دیاریکردنەوە بۆ پەسنکراوەکان دەگەڕێنەوە، کە ناون. خودی ناوەکانی /گرد، پیاو، شەو/ بە دەستەواژەکان دیاریکراون و دیاریکراوەکانن.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بدرێت، کە ڕێکەوتن لە ژمارە (تاك و کۆ) دا نییە. لە هەردوو فرێزەکەی <کوڕوان و کچانی وڵاتەکەمان> ~ <کوڕو کچی وڵاتەکەمان> دا ’کچ’ لە فۆڕمی کۆدایە، بەڵام جیاوازییان تەنها لەوەدایە، کە لەنمونەی دوهەمیاندا پاشگری کۆ سەرپشکیانە لەگەڵ سەگمێنتی ’کچ’ دەرنەبڕدراوە. ئەم دەرنەبڕینە پەیوەندیی بە دیاردەی ’ئابوریکردن’ ەوە نییە، بەو جۆرەی کە بانگەشەی بۆدەکرێت. ئەم تێبینیکراوە وابەستەی ڕێزمانەو ڕێزمانییە. ئەو ڕێکەوتنە لەنێوان سەگمێنتەکانی دیاریکراوو دیاریکەردا نییە (*<کوڕەکانە کوردەکان> ~ <کوڕە کوردەکان>، *<کوڕەکانە ئازاکان> ~ <کوڕە ئازاکان>). هەروەها دابەشبونی تەواوکەرانەی هاتنی دیاریکەری نەناسیاریی لەگەڵ دیارکراوی فرێزی خستنەپاڵدا (<کوڕێکی ئازا> ~ <کوڕانی ئازا>) و هاتنی دیاریکەری ناسیاریی لە گەڵ دوا دیاریکەری فرێزی دیاریکەردا (<کوڕە کوردەکان> و <کوڕە کوردە ئازاکان>) ئەوەی سەپاندووە، کە دەبێت دیاریکەری ناسیاریی لە کۆتاییدا بێت، ئیتر گرنگ نییە ئەگەر وشەکەی کۆتایی ناو، ئاوەڵناو یان ئاوەڵکردارێك بێت یان نا. لە فرێزی نیشانداندا بە جێناوە جووت_جەمسەریەکانی نیشاندانەوە، پاشگری کۆیش لە کۆتایی فرێزەکەدا دێت (<ئەم پیاوە> ~ <ئەم پیاوانە>، <ئەم پیاوە کوردە> ~ <ئەم پیاوە کوردانە>). نەبونی ڕێکەوتنی جێناوەکە (/ئەمان/) و نیشاندراوی <پیاو> دا (*<ئەمان پیاوانە>) و ڕێسای دابەشبونی تەواوکەرانە ڕێگە لە بەرهەمهێنانی فرێزی *<ئەم پیاوانە کوردانە> دەگرن. لەم دوو فرێزەدا نەهاتنەکان لەگەڵ دیاریکراودا خورتییە:

49_ هاتنی مۆڕفێمی دیاریکەری ناسیاریی لە کۆتایی فرێزی دیاریکەرییدا

_ا) کوڕە ئازاکان ~ *کوڕانە ئازاکان،

کورە کوردە ئازاکان ~ *کوڕانە کوردە ئازاکان ~ *کوڕانە کوردانە ئازاکان،

_ب) ئەم کوڕانە ~ *ئەمانە کوڕان،

ئەم کوڕە کوردە ئازایانە ~ * ئەم کوڕانە کوردە ئازایانە ~ *ئەم کوڕە کوردانە ئازایانە،

_پ) کوڕێکی ئازا ~ *کوڕێکی ئازایەك، کوڕێکی کوردێکی ئازا ~ * کوڕێکی کوردێکی ئازایەك.

لە (49_ا) دا دیاریکەرەکان ناڕاستەوخۆ بۆ ’کوڕ’ دەگەڕێنەوە، چونکوم ’ئازاکان’ و ’کوردە ئازاکان’ قەدەکە دیاریدەکەن. ’کورد’ و ’ئازا’ دیاریکراوەکانن، کەر ’کورد’ پەسندەکەن. پاشگری کۆ (/_ان/) لە (52_ب) بە هەمان شێوە ’کوڕ’ ە نیشاندراوەکە دەگرێتەوە. (49_پ) نمونەیە بۆ هاتنی مۆڕفێمی دیاریکردنی نەناسیاریی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ’کوڕ’ دا.

ناوی ئاوەڵناویی /کورد/ و ئاوەڵناوی /ئازا/ ی <کوڕەکوردەکان> و <کوڕە ئازاکان> وەسفکەری 'کوڕ' ن. لە فرێزە فراوانکراوەکە 'کوڕ_ە_کورد_ە_ئازا_ەکان' یشدا، ئاوەڵناوەکە هەر بۆ 'کورد' دەگەڕێتەوە، نەك بۆ 'کوڕ'. ئاشکرایە، کە دەستەواژەی 'کوردە ئازاکان' هەر بۆ 'کوڕ' دەگەڕێتەوەو هەر ئەویش پەسندەکات.

لە پێکهاتوەکانی وەك 'کوڕە کوردەکان' و پێکهاتوی 'کوڕە کوردە ئازاکان' دا، دیاریکەرەکانی /_ەکە، _ەکان/ لەبنەڕەتدا بۆ قەدەکە دەگەڕێنەوە، کە ناوێکە ('/کوڕ/') ە، بەڵام دەستەواژە دیاریکراوەکە قەدەکە دیاریدەکات. ئەگەر قەدەکە ئاوڵناوێك یان ئاوەڵکردارێك بێت، ڕێگە بە بەرهەمهێنانی ئەم چەشنە گرێیانە نادرێت (*'جوانە کوردە ئازاکە' ~ 'کوڕە جوانە کوردە ئازاکە').

(ا) دابەشبونی تەواوکەرانەی دیاریکەرەکانی /_ەکە، _ەکان/ ی ناو فرێزەکان لەگەڵ مۆرفیمی دیاریکەری نەناسیاری /_ێك/ دا (<کوڕێکی کورد>، <کوڕێکی ئازا>، <کوڕێکی کوردی ئازا>) ڕێگەی بە دروستەی فرێزی وەك <کوڕە کوردە ئازاکە> دەدات، کە قەدەکەی ناوێکەو دیاریکەرەکەی لە کۆتاییدایە.

50_ا) مارماسیی (دەرخەر_دەرخراو) N-Na ، ڕەشمار (دەرخەر_دەرخراو) N-A

_ب) ماری ڕەش (بڕوانە /ڕەشمار/!)، ماسیی لەمار_چوو (بڕوانە /مارماسیی/!)

/پیرەمێرد/: /پیر/ ئاوەڵناوێکی پەسنکەرەو /مێرد/ ناوە پەسنکراوەکەیەو لەڕێی ئەمەیشەوەیە، کە ئاوەڵفرێزی وشەکە <مێردی پیر> ە. هەمبەر بەمان، پێکهاتوی کرداربەندیی 'ئازایە' ی ڕستەی <سیروان پیاوێکی ئازایە.> بۆ وەسفکردن و/ پێداهەڵدانە.

چونکە دیاریکردن لەڕێی نیشاندان و نیشانەکردنەوە بە /ە/ هەیە، ناتوانرێت زاراوەی دەرخەرو دەرخراو بۆ توخمەکانی بەکاربهێنرێن. ئەمەیش پەیوەندیی ئەم پێڕەوە بە پێڕەوەکانی دەرخستن (دەرخەرو دەرخراو) وەوە ئاشکرادەکات. ئەم تێبینییە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە جێناوەکانی نیشاندان وەچەپێڕەوێکی پێڕەوی دیاریکردن پێکدەهێنن. خۆ ئەمیشان بە خشکەیی دەریدەبڕێت، کە دیاریکردن پێڕەوە، نەك دیاردە یان چەمك، بەڵام کە لە چەمکەکانی دیاریکردنیش قسەدەکرێت.

دیاریکردن بە ئاشکراکردنی ناسراو: دیاریکردن بە مۆرفێەکانی /_ەکە، _ەکان/ هەمبەر بە /_ێك/ بۆ قسەکردنە لەسەر کەس، چشت و ڕوداوی ناسراو، کە لە جۆرێك لە ئاشکراکردنی ناسراو دەچێت. ئاوەڵفرێزی ئەمان بە ڕستەی سەرجێناویی بە جێناوی نیشاندانەوە دەکرێت. فرێزی دیاریکەری 'کوڕەکە'، بۆ نمونە واتای (ئەو کوڕەی، کە تۆ دەزانیت کێیە/دەیناسیت/ئاشنایە پێت ...) ی هەیە.

51_ا) *کوڕگەیشت _ب) *من بە کوڕ دەڵێم، ...

52_ا) کوڕەکە گەیشت. ~ کوڕەکان گەیشتن.

53_ا) *من بە کوڕ دەڵێم، ... _ب) من بە کوڕەکە دەڵێم، ... ~ من بە کوڕەکان دەڵێم، ...

5_ هەندێك جۆری دییکە لە دیاریکردن

1_ دیاریکردن بە دەستنیشانکردن: دیاریکردن بە ئاوەڵکرداری کاتیی و چۆنیەتیی (54_ا)، بە پێشناوو مۆرفێمی دیاریکردنی شوێن (54_ب)، بە مۆرفێمی دیاریکردنی شوێنی سەرەتا بە پێشناوو پاشگری لێوەدەرچوون (54_پ)، بە پێشناویی ئامێریی (54_ت)، بە پێشناوی ئامانجیی (ج) و دیاریکردنی ئامانجی پێگەیشتن (54_چ) دەکرێن. ئاوەڵفرێزی ئەم دیاریکردنانە بە کات، شوێن و ئامێر دادەڕێژرێن.

54_ا) هەمو دوێنێ بەردەوام کاریدەکرد. _ب) تەلارە گەورەکە لە ناو سلێمانییدا یە.

_پ) ئەوان لە سلێمانییەوە دەرچوون. _ت) ئەونامەکەی بەدەست نوسی.

_ج) ئەم ئاوە بۆ خواردنەوەیە. _چ) ئەم نامەیە بۆ تۆیە.

2_ دیارکردن بە ڕستە لە ڕستەی سەرجێناوییدا relative sentence دێت: ئەم ڕستانە بە ڕستەی هەواڵیی و جێناوێکی نادیاریی لێکدەدرێنەوە، کە ڕستەیەکی هەواڵیی تەواوکەری بەدوایدا دێت. ئاوەڵفرێزی (55) بەم جۆرە دادەڕێژرێت: (کوڕێك سڵاوی لە تۆکرد. ئەوکوڕە برامە).

55_ ناساندنی جێناوی ڕستەی سەرجێناویی 'ئەوکوڕەی'

ئەوکوڕەی، کە سڵاوی لەتۆ کرد، برامە.

3_ دیاریکردن بە جیاکردنەوە: دیاریکردن بە مۆرفێمی /_یان/ بۆ جیاکردنەوەو سنوردانانە. ئاوەڵفرێزی ئەمان دوو ڕستەی هەواڵیین و دوهەمەکەیان جێناوی نیشاندانی تێدایە. ئاوەڵفرێزی (56_ا) و (56_ب) ئەم ڕستانەن: (کوڕێك لەناو خەڵکەکەدایە، با ئەوکورەیان بێتەژورەوە) و (پیاوێکی تریش لە پیاوەکان).

56_ا) با کوڕەکەیان بێتەژورەوە ! ئەم_ کوڕە_یان ~ ئەمەیان، کوڕێکیان، کوڕەکەیان

با ئافرەتەکانیان سەرپۆش نەدەن بەسەریاندا. کوڕە ئازا کوردەکەیان،

ئەم کوڕەیان کوردە، ئەو ئافرەتانەیان میوانەکانن. ئەم کوڕە ئازا کوردەیان،

_ب) پیاوی تر، دەناسین، نەك ئەم پیاوانە. ژنی دییکەیش لە گوندەکەدا هەن.

2/2_2_2) کام مۆرفێمانەی دیاریکردن بەیەکەوە دێن، کامانەیان نایەن و بۆچیی؟

لە وەڵامی پرسیارەکەدا دەگوترێت، کە سێمانتیك بەرپرسیاری ڕێگریەکەیە، نەك ڕێزمان. مەبەست لێرەدا گۆکردنی خودی مۆرفێمەکانە، کە بابەتی گفتوگۆکە نییە.

مۆرفێمێك بۆ نیشاندان و مۆرفێمێکی تر بۆ جیاکردنەوە پێکەوە دێن.

57_ا) ئەم کورەی تریان، _ب) ئەو کچەی دیکەیان.

لەگەڵ فرێزدا بە جێناوی ئاماژەوە، دیاریکەر نایەت، چونکە دیاریکراوە.

58_ا) *ئەم کورەکەیان، _ب) *ئەو کورەکەی تریان. (= نیشاندان +ناسراویی)

دیاریکردن بە مۆرفێمی /_تر/ و /دییکە/ لەگەڵ ناسراوو نەناسراودا دێت، بۆ کەس، چشت و ڕوداو.

59_ا) پیاوێکی تر، _ب) پیاوەکەی تر _پ) پیاوێکی تریان، _ت) پیاوەکەی تریان.

دیاریکردن بە کەسی لکاو (ی خاوەنداریی) بۆ دەستنیشانکردن:

60_ا) ئەم کوڕە گەنجە_یان_مان <ئەم کوڕە گەنجەیانمان>،

_ب) کوڕ_ە گەنج_ەکە_مان <کوڕە گەنجەکەمان>،

_پ) کوڕە گەنجەکە_یان_مان <کوڕە گەنجەکەیانمان> (= جیاکردنەوەو دەستنیشانکردن)

مۆرفێمەکانی دیاریکردن بەخشکەیی دەربڕینیشیان هەیە:

61_ با کوڕەکەیان بێتەژورەوە ! (کچ، ژن و پیاویش هەن، با ئەوانیان نەیەنەژورەوە)

3_2/2/2) ئایا مۆرفێمی /_ە/ فرە_ئەرکییە؟

ئایا چەند مۆرفێمێکی دیایریکردنی /ە/ ی جیاواز هەن یان یەك مۆرفێمی فرە_ئەرکیی /ە/ هەیە ؟ هەرچەندە مۆدێلی ڕێزمانی کوردیی "مۆدێلێکی تێکەڵ" ە، بەڵام لێکۆڵەر وەهای بۆدەچێت، کە ئەو پێکهاتانە هێشتا هەر مۆرفێمی جیاوازی دروستکردن و بەرهەمهێنانی جیاوازیان بە دەرکردەی جیاوازەوە هەیە. واتا، دەبێت وشەدروستکردن بە مۆرفێمی /ە/ لە مۆرفۆلۆژییدا جیاواز بێت لە بەرهەمهێنانی پێکهاتوو بە مۆرفێمی /ە/ لە سینتاکسدا. بەم پێییە، دەبێت مۆرفێمەکان جیاوازی هەماندەنگیی/هاوبێژ بن. بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە /ە/ ی وشەدروستکەر، /ە/ ی فرێز_بەرهەمهێنەرو /ە/ ی جێناوی نیشاندان، کە گۆکردنی ڕێزمانیی جیاوازو واتای هاوبەشیان هەیە:

مۆرفێمی /ە/ ی وشەدروستکەر: ئەم مۆرفێمی /ە/ یەیان وەك پاشگر ئاوەڵناوو ناوی ئاوەڵناویی گشتیی دەکات بە ناوی تایبەتیی دیاریکراو (بڕوانە نمونەکانی (22_25) و /کوردە، دایکە، بەچکە، کردە، سەرکردە، وردە، هاوردە، هەناردە/) و لە کورتەکردنەوەی ناوی کوردییدا (نازەنیین > نازە، پەروویین > پەرە، شەم > شەمە، کاروان > کارە (لە ڕستەی <پەرویینی خوشکم گەیشت.> دا پەرویین بە پێکهاتوی ناویی <خوشکم> ناسێنراوە، بەڵام لە <پەرویین/پەرە گەیشت.> دا، /پەرویین/ و /پەرە/ ناسراون و /پەرە/ یش پتر بۆ ئافرەتی زۆر نزدیکی وەك کەسوکار سودی لێدەبینێنرێت. ئەگەر گوێگر نەزانێت مەبەست لە 'پەرویین' و 'پەرە' کێیە، پرسیاردەکات کام پەرەیە و لەم کاتەدا پێویست بە ناساندنی زۆرتر دەکات، کە دیاریکردنی زۆرترە. ئەم چەشنە پرسیارکردنە بۆ 'پەروینی خوشکم'/'پەرەی خوشکم' پێویست نییەو ڕستەکە ڕێگە بەم پرسیارکردنە نادات). ئاوەڵناوی /کوشتە/ بۆ دیاریکردنی کۆمەڵێکی دیاریکراوە (ئەو کەسانەی، کە کەوتونەتە ئەوینی زۆرو قوڵەوەو زۆر عاشقن).

مۆرفێمی /ە/ ی وشەدروستکەر لە گۆڕینی ناوی عارەبییدا بۆ کوردییەو کورتکراوەکانیش هەمان ڕۆڵی واتایی دەگێڕن (/مەحموود/ < /خولە/، /عومەر/ < /عولە/). (ب) ئەم /ە/ یە، وەك توخمێکی پێشناویی لەناوەوەی دروستەیەکدا، بۆگەڕاوەیی نیشاندەدات (/پیرەمێرد/، /سەلکەتوور/). لێکدراوی تەکیەکخراو، کە هێمایەکەو بۆ دەرەوەی سەگمێنتەکانی خۆیەتی، ئاماژەیەکی بەهێزە بۆ چییەتی و کەسێتیی /ە/ ی پێشناویی نیشاندەری بۆگەڕاوەیی. /خۆشبەخت/ سەردەرەکییەو بۆ (کەس) ە، /ە/ ی لێکدراوی دوپاتکراوەیش بۆ نیشاندانی بناغە دوپاتکراوەکەیەو هەر لەم سەگمێنتەیش قسەدەکات (/دەنگەدەنگ/، /بۆڵەبۆڵ/).

پلەداریی لە دیاریکراویی مۆرفۆلۆژییدا هەیە: سەگمێنتی /ە/ ی وشەدروستکردن لە مۆرفۆلۆژییدایە. لە وشە مۆرفۆلۆژیە لێکدراوە بەلێکسێمبوەکاندا وشەی /دار/ دیاریکراوە (/دارقەزوان/) و دیاریکردن لەوانەیاندا کەمترە، کە بەتەواویی بونەتە وشەی فەرهەنگیی (/دارەبەن/ (درەخت)). هەرچەندە وشەی /دار/ لە پەرادیگماکانی /دارقەزوان، دارهەنجیر، دارهەنارو .../ (بەواتای (درەختی قەزوان، درەختی هەنجیرو درەختی هەنارو ...) ەوە دەبینرێتەوە، بەڵام هەمبەر بە گرێی /داری قەزوان/ بەواتای گشتیی (دار) ەوە کەمتر دیاریکراوەو واتایەکی دیاریکراو تری هەیە. /دارەبەن/ و /دارقەزوان/ لە وشە جووت_فۆڕمەکانی ستانداردی کوردیین.

هاتنی مۆرفێمی /ە/ بەپێی دابەشبوون: وشەی لێکدراو بەسەری ڕێزمانیی یان واتاییەوە سەرکۆتاییە. ئەگەر سەری ڕێزمانیی یان سەری واتایی لەپێشەوە بێت (سەرسەرەتایی)، ئەوا دەبێت دیاریکردن لەڕێی مۆرفێمی /ە/ ی دیاریکردنەوە بێت (بڕوانە خشتەی (2) و ئەنجامەکەی!). مۆرفێمی /ە/ ی وشەدروستکەر زنجیرە دیاریکراو دروستناکات (*/پیرە خاسە مێردەکە/). گۆکردنی ئەمیان تەنها بۆ دیاریکردنە. ئەم وشە دروستکراوانە هەم سەردەرەکیان هەیە (/سەرگەورە/) و هەم سەرناوەکییش (/نانەقەیسیی/).

پێشناوی پاش_جێکەوتەیی /ە/ ی ناوەوەی ناوی کرداریی (کەوتن_ە_خوارەوە <کەوتنەخوارەوە>، /هاتن_ە_دەرەوە/ <هاتنەناوەوە> مۆرفۆلۆژیانەیەو.

مۆرفێمی /ە/ ی بەرهەمهێنان: (ا) مۆرفێمی /ە/ ی بۆگەڕاوەیی لە سینتاکسدا نیشانیدەدات چیی بۆ چیی و کێ بۆ کێ دەگەڕێتەوەو ئەم دیاریکردنە لە شێوەی پەسنکردنو وەسفکردندایە (<کوڕە کوردە جەربەزەکەی دراوسێمان>) و (ب) پێشناوی پاشناویی /ە/ ی ئاڕاستەی سینتاکسیی لەناوەوەی دروستەی کردارییدا دێت و بۆ دیاریکردنی ئاڕاستەیەو شوێن نیشاندەدات، بۆیە لەگەڵ ناوە ئاوەڵکردارییەکەدا بەسەرییەکەوە دەنوسرێت (<کەوتەناو>، <کەوتنەسەر>، <کەوتنەژێر>، <کەوتنەلاوە>). ئێستا دەزانیین، کە دوو جۆر پەسنکردن هەن (خستنەپاڵیی بۆ گشتیی: <کوڕی ئازا>) و (دیاریکردن بە /ە/: <کوڕە ئازا>).

پێکەوە هاتنی /ە/ و /ەکە، ەکان/ بریتییە لە پێکەوەهاتنی دیارکەرەکان و ئەمەیش جۆرێکە لە ڕێکەوتن (بڕوانە <مدرستان جدیدتان>). واتا ئەمیش دەریدەبڕێت، کە /ە/ بۆ دیاریکردنە/پێناساندنە. لەمەوە ئاشکرادەبێت، بۆچیی ئەم /_ە/ یە لەگەڵ دیاریکەری تاکو کۆی گشتیی/نەناسراو /_ێك، _انێك/ دا نایەت (<کوڕێکی گەڕەکەکەمان>، <کوڕێك/کوڕانێك، کە تۆ بییانناسیت، هەر پیاوە/پیاون.>). ئەم دوانەیان وەك جێناوی گشتیی سەری ڕستەی سەرجێناویین و /_ەکە/ و/_ەکان/ ئەم گۆکردنەیان نییە یان ئەم ئەرکە ڕێزمانییە بەجێناهێنن.

دوپاتکردنەوە لە سینتاکسدا: دوپاتکراوەکە حاڵەتی (چۆنیەتیی) بکەرەکە نیشاندەدات و جۆرێکی لاواز لە دیاریکردن دەنوێنێت. دوپاتکردنەوە لە سینتاکسدا بۆ زۆرییە بە واتای جیاوازەوە (32). لەم چەشنە دوپاتکردنەوەیە لە وشەدروستکردندا بەگشتیی و بۆ ئەم واتایە بەتایبەتیی نییە.

مۆرفێمی /_ە/ ی جێناوی نیشاندان بە کۆتایی فرێزەکەوە دەلکێت، کە بە جێناوەکە نیشاندەدرێت (/ئەمە/: <ئەم کوڕە کوردە>)، بۆی ئەمیان خۆی وەك نیشانەیەك/عەلامەتێك دەردەخات، کە جیاوازە لە /_ە/ ی وشەدروستکردن و بەتایبەتیی لە /_ە/ ی بەرهەمهێنان.

ئەنجام_1:

یەکەم: لەڕوی گۆکردنەوە، /_ە/ ی مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکەرەو /_ە/ ی سینتاکس دیاریکەرە. ئەویان سوڕیی بەکارناهێنرێت، بەڵام ئەمیان بۆ دیاریکردن چەندین جار لە فرێزێکدا دوبارەدەبێتەوە ('<کوڕە کوردە لاوە بەجەرگەکەی، ...>') و مۆرفێمی خستنەپاڵیش /_ی_/ بۆ فرێزە بەواتای گشتییەوە ('<کوڕی کوردی لاوی بەجەرگی ...>'). مۆرفێمی /_ە/ ی بۆگەڕاوەیی لە مۆرفۆلۆژیی و لە سینتاکسدا هەن، بەڵام پاشناوی ئاڕستەی /_ە/ لە فەرهەنگدا ('/کەوتەخوارەوە/'). /_ە/ ی یەکەمیان ئەڵقەیەکە لەنێوان ئەو دوو پێکهاتەیەداو ئەو دوو پێکهاتەیە بەیەکەوە گرێدەدات. ئەمە تێکەڵبونی پێکهاتەکان، جیاوازییان و بەیەکەوە بەندبونیان ڕوندەکاتەوە. لە فرێزی خستنەپاڵییداو لە فرێزی دیاریکراوییدا بە /_ە/ ەوە ئاڕاستەکە لە چەپەوە بۆ ڕاستە (<داری قەزوان>، <پیاوە کوردەکە/ئازاکە>). ئەمەی دواییان سوڕیی زنجیرە فرێزی هەیە ('<کوڕە کوردە خاسەکەی دراوسێمان>'). لە وشەی مۆرفۆلۆژییدا لە ڕاستەوە بۆ چەپە. لەڕوی واتاوە، دیاریکردنی ئەویان فرەجۆرو فرەئامانجە (پێناساندن، نیشاندان، جیاکردنەوە)، بەڵام ئەوەی ئەمیان نیشانەکردنە (نانەقەیسیی/، ('/پیرەمێرد/').

ئەو جیاوازیە تێبینیکراوە ڕێزمانیی و واتاییانە ئاماژەی بەهێزن بۆئەوەی نەتوانرێت لە "مۆرفێمی فرە_ئەرکیی" /_ە/ یەك قسەبکرێت، بەڵکو ئەمانە مۆرفێمی دیاریکردنی جیاوازن و لەوەدا هاوبەشن، کە هاوبێژن.

نیشانەی /_ە/ ی جێناوی نیشاندان: جێناوی نیشاندان (/ئەمە، ئەمانە، ئەوە، ئەوانە/) لە جێناوەکانی نیشانەی /ئەم، ئەمان، ئەو، ئەوان/ و مۆرفێمی نیشاندانی /_ە/ دروستبوون. لە سینتاکسدا /_ە/ ی دیاریکەر وەك نیشانە/مارکە بە کۆتایی دیاریکراوەکەوە دەلکێت، بۆ ئەوەی نیشانیبدات، کە دیاریکراوەکە بناغەکەیە (<ئەم پیاوە، ئەم پیاوەیان، ئەم پیاوە پیرە، ئەم پیاوە پیرەیان>). مۆرفێمەکانی /_ە/ ی دیاریکردنی مۆرفۆلۆژیی (/پیرەمێرد، نانەقەیسی/) و /_ە/ی سینتاکسیش (<پیاوە

پیرەکە>) لەگەڵ ناوەکرداریەکانی /کردنەسەر، خستنەژێر/ بە /ـە/ ی دیاریکردنی ئاڕاستەوە لە فەرهەنگدا تۆمارکراون. /ـە/ ی مۆڕفۆلۆژیی بۆ وشەدروستکردنە، بۆ چشتی نوێ. واتا دەرکردەکان بە /ـە/ ی مۆڕفۆلۆژییەوە واتای خۆیان هەیە، کە واتای وشەیە، بەڵام کە /ـە/ ی سینتاکسیی گرێ بەرهەمدەهێنێت، کە واتای فەرهەنگیی وشەیان نییە، بەڵکو تەنها بۆ دیاریکردنە.

دوهەم: ڕێزمانە تێکەڵاوەکەی ستانداردی کوردیی ئەدگاری داڕێژەریی بە زمانەکە داوە. لەمەوە ئەوە کەوتوەتەوە، کە پێکهاتەی مۆڕفۆلۆژیەکەیشی داڕێژرییەو دەشێت لەگەڵ پێکهاتەی سینتاکسەکەیدا هەمان توخم و کەرەستەی هاوبەشیان هەبێت. لەگەڵ ئەو تێکەڵیەیشیاندا، ئەو دوانە هەر جیاوازیی نیشاندەدەن: دوو مۆڕفێمی دیاریکردنی /ـە/ و دیارینەکردنی /ی/ هەن: شێوەی مۆڕفێمی /ـی/ ی وشەی فرێزیی (/شەقامی سالم/)، لە وشەدروستکردندا مۆڕفێمی /ـە/ بۆگەڕاوەییە (/پیرەمێرد/). مۆڕفێمی /ـە/ ی دیاریکردن لە سینتاکسدا دیاریکردن لە ناوەوەی فرێزدا (<کوڕە کورد>) مسۆگەردەکات —بۆ نیشاندانی ئەو بناغەیەیە (‘<کوڕ>’)، کە سەگمێنتە بەدیاریکەرەوە (‘<کوردەکە>’) دیاریدەکات. واتا، قەدەکە بەبێ ئەم مۆڕفێمە دیاریکراو نییە. مۆڕفێمەکە هەڵەفەی بەستنەوەی دیاریکراوە بە دیاریکەرەوە (‘<کوڕە کوردەکە>’). ئەمیشیان هەر بۆگەڕاوەیی نیشاندەدات، بەڵام بە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەوە لەوەی /ـە/ ی مۆڕفۆلۆژیی. لە سینتاکسدا، یەکە دیاریکەرەکە مۆڕفێمێکی دیارینەکردنیش وەردەگرێت (‘<کوڕە کوردێك>’). کەواتە، قەدی فرێزەکە دەتوانرێت بە دیاریکەری ناسیاریی (‘<کوڕەکە>، <کوڕە کوردەکە>’) و نەناسیاریی (‘<کوڕێك>، <کوڕە کوردێك>’) دیاریبکرێت و بە ناو پەسنبکرێت (‘<کوڕە خوێندکارەکە>’) و بە ئاوەڵناویش وەسفبکرێت (‘<کوڕە ئازاکە>’). فراوانکردنەوەو دوپاتکردنەوەیش لە سینتاکسدا هەیە (‘<کوڕە کوردە بەجەرگە ئازاکە>’) و دیاریکردنەکە تێیدا سوڕییە: ’کورد‘ دیاریکەری ’کوڕە‘، هەروەها ’کوردە بەجەرگ‘ و ’کوردە بەجەرگە ئازاکە‘ یش. دەتوانرێت لە کۆتاییەوە بۆ سەرەتا یەکە دیاریکراوەکان لابرێن: ’کوڕە کوردە بەجەرگەکە‘، ’کوڕە کودەکە‘، ’کوڕەکە‘. ئەم یقوستەو دیاردانە لە وشەی مۆڕفۆلۆژییدا بە /ـە/ ی وشە دروستکەرەوە ئەگەریان نییە، ببن.

بەڵگەی پێڕەوبەندانە: مۆڕفێمەکانی نەکردن لە مۆڕفۆلۆژییدا وشەدروستکەرن و بۆ نەفیکردن نین و بۆیان بەتەنها /نە/ و /نا/ هەن (/نەخۆش/، /ناخۆش/). ئەو دوو مۆڕفێمە دەچنەسەر جۆرەکانی ئاوەڵناوو هەندێك ناوی ئاوەڵناویی. دوو مۆڕفێی جیای /نە/ و /نا/ یش لە سینتاکسدا لەگەڵ کرداری شکاوەدا دێن. ئەویان بۆ تاڤی ڕابوردووە (<(ئەوان) نەچون.>) و ئەمیان بۆ ڕانەبوردوو (<(ئەوان) ناچن>). مۆڕفێمی/نە/ کەیان، بەڵام بۆ فرمانیش بەکاردەهێنرا (<بچووە!> ~ <بچۆ!> ~ <نەچۆ!>). پاشان هاو_لچولێویی /ب/ ی فرمان و /م/ ی لوتیی ئەگەری ئەوەیان مسۆگەرکردووە لە مۆڕفێمی /نە/ ی ڕانەبوردووەوە مۆڕفێمی /مە/ بۆ فرمان بێتەئاراوە (<(ئەو) چوو.> ~ <(ئەو) نەچووە.> ~ <نەچۆ!> > <مەچۆ!>). هۆهاندەر بۆ ئەم پێواژۆی گۆڕینە دوو چشت بون: (ا) مۆڕفێمی فرە_ئەرکیی لە ڕێزمانەکەدا پەسەند نییەو (ب) /نە/ بۆ ڕابوردووە، کەچی لە فرماندا بۆ ڕانەبوردوو بەکارهێنرابو. کە ڕێزمانەکە مۆڕفێمی فرە_ئەرکیی پەسەندناکات، ئەوە دەردەخات کە نابێت مۆڕفێمەکانی /ـە/ ی دیاریکردنیش فرە_ئەرك بێت.

لە ئەنجامدا دەتوانرێت بانگەشەی ئەوە بکرێت، کە /ـە/ ی مۆڕفۆلۆژیی و /ـە/ ی سینتاکس جیاوازن، یان هەمان /ـە/ و لەو دوو پێکهاتەیەدا گۆکردنی جیاوازیان هەیە. مۆڕفێمی /ی/ خستنەپاڵ هەر یەکێکەو دوو گۆکردنی وەکیەکی نییە. ئەمیان جۆرێکە لە دابەشبونی تەواوکەرانەی /ـە/ و /ـی/ لە گۆکردنی جیاوازدا لە مۆڕفۆلۆژیی و لە سینتاکسدا. وشەی مۆڕفۆلۆژیی بە مۆڕفێمی /ـە/ و بەبێ ئەو مۆڕفێمە دیاریکردنی لەناوەوەی دروستەکەیدا هەیەو واتای دەرکردەکەی گشتییە. مۆڕفێمی /ـە/ ی وشەدروستکەر ناوی تایبەتیی دروستدەکات.

کۆپولا یەکیکە لە مۆڕفێمە ناوازە فرە ئەرکیەکانی ستانداردی گوردیی.

کورتەو پوختە:

چونکوم وشه واتای گشتیی هەیە، دەتوانرێت لەگەڵ تاڤ ڕانەبوردوی کرداری تەواوو کۆپولادا بۆ واتای گشتیی، هەیشەیی و عادەتیی بەکاربهێنرێت، دەنا پێویستە لە ڕستەدا دیاریبکرێن بۆئەوەی دەربڕینەکانیان پێبکرێت.

دیاریکردن یەکێکە لە پێڕەوەکانی ڕێزمانی کوردیی: ناوی تایبەتیی دیاریکراوو جێناوی دیارینەکراویش هەن، واتە پێڕەوی دیاریکردن هەمبەر بەوەی دیارینەکردن و دیارینەکراویی دەوەستێتەوە. توخمەکانی دیاریکردن لە فەرهەنگدا تۆمارکراون و پێواژۆکانی دیاریکردن لە ڕێزماندا (مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس) دێنەجێبەجێکردن. دیاریکردن لە ناوەوەی دروستەی وشەی لێکدراودایە، بەڵام دەرکردەکەی واتای گشتیی هەیە. بەپێچەوانەوە، دیاریکردنی ناوەوی دروستەی فرێز مەداو ئاڕاستەی هەیەو واتای دەرکردەکەی دیاریکراوە. پێواژۆکانی دیاریکردن بە مۆرفێمە جۆراوجۆرەکانی خۆیان و پێکهاتوە جیاوازەکان دەکرێن، بۆیە دیاریکدن پلەدارە.

وشەی مۆرفۆلۆژیی لەباری ئاساییدا سەرکۆتاییە: کاتێك سەری واتایی یان ئاوەڵناوەکە دەکەوێتە سەرەتاوە، مۆرفێمێکی /ـە/ دەهێنرێتەنێوان سەگمێنتەکانیانەوە. لەم دوو دروستە جیاوازەدا دیاریکردن و ئاڕاستە پارامێتەرییە. وشەی مۆرفۆلۆژیی بە/ـی/ خستنەپاڵ و /ـەکە/ ی دیاریکەریش دروستکراوە. دەرکردەکانی ئەمان وەك ناوی تایبەتیی دیاریکراون.

فرێزی خستنەپاڵ واتای گشتیی هەیەو فرێزی دیاریکەر واتای دیاریکراو. دروستەی ناوەوەی ئەمەی دواییان /ـە/ ی دیاریکردن بەشداریی تێدا دەکات، دیاریکردنی زنجیرەیی هەیەو مەوداو ئاڕاستەکەی لە چەپەوە بۆ ڕاستە.

بە ئێنگلیزیی:

Because word has general meaning can be used with present simple tense and copula for general meaning and fixed reality and habits, otherwise we need definiteness of the Kurdish grammar subsystem.

The definite system consists of definite and indefinite su bsystems. Definite are recorded in dictionary but the definite processes are in morphology and syntax.

The definiteness is within the compound word, but the output of compounding has general meaning, in opposite to this definiteness has domain and it's direction.

The meaning is pointed or not pointed. Definiteness process which executed with morphemes are scalar. Morphology is head final. Compound word which has adjective or noun head initial has the morpheme /-e/ between its segments. We deal with different /-e/ morphemes.

Morphological word with morphemes /-y/ and /-eke/ are build. The output of these words are like the specific nouns and they are definite

The phrase with the morpheme /-y/ has general meaning and those with /-eke/ has definite meaning. The internal structure of the last phrase has the morpheme /-e/ with domain and its domain direction from left to right.

ئەنجامی کۆتایی:

دیاریکردن پێڕەوێکی ڕێزمانی ستانداری کوردییەو بە توخمەکانی خۆی لە مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسدا جێبەجێدەکرێن. مۆرفێمی /ـە/ ناوەوەی وشەی مۆرفۆلۆژیی، پاشگری /ـە/ ی وشەدروستکەرو مۆرفێمی /ـە/ بەرهەمهێنەری فرێزی دیاریکەر هاوبێژی جیاواز. دیاریکردن لە ناوەوەی دروستەدا دەکرێت: دەرکردەی وشەی مۆرفۆلۆژیی واتای گشتیی هەیە، ئەگەر ناوی تایبەتیی نەبێت، کە بە پاشگری /ـە/ دروستدەکرێت. دەرکردەی فرێزی خستنەپاڵ واتای گشتیی هەیەو ئەوەی فرێزی دیاریکەر واتای دیاریکراو (ناسیارو نەناسیار).

## سەرچاوەکان


محەمەدی مەحویی (2001) "ڕستەسازیی"، سلێمانیی.

= = (2006) "ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆك_وابەستە"، زانکۆی سلێمانیی.

= = (2009_ا) "زانستی هێما: واتاو واتالێکدانەوە"، زانکۆی سلێمانیی.

= = (2009_ب) "مۆرفۆلۆژیی و تێکەڵبونی پێکهاتەکان"، زانکۆی سلێمانیی؟

= = (2016) "مەنامە: بەستانداردکردنی زمانی کوردیی _ دروستنوسیین:، دەروازەی یەکەم، ئەندێشە، سلێمانی.

عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (2005)، "دروستەی فرێز لە زمانی کوردییدا"، نامەی ماستەر، بەشی کوردیی/ زانکۆی سلێمانیی.

فاروق عومەر سدیق (2011)، "لەدایك بونی وشە"، سلێمانی.

لیمۆ محمود تۆفیق (2012) "دەربڕینی چەمکی دیاریکردن و ئاشکرا نەکردنی ناو لە کوردی و چەند زمانێکی هاوگروپی خۆی و دوور لێوەی"، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی.

Chandler, D. (2007), "Semiotics, the basics 2nd edition, Taylor and Francis Group.

Jean Mark Gawron (), Definite description", San Diego State University.

Lynsen Wolter (2003), "Demonstratives, Definit Description and Definitness",

Lyons (2003), "DFFINITNESS", Cambridge University Press.

Mark Cohen (2008), "Donnellan: Reference and Definite Description",

Nancy Hedberg, Emrah Görgűlű and Morgan Mameni (), "More on Specifity and Definitness in English, Tűrkish and Persian.

Nancy Hedberg, Emrah Görgűlű and Morgan Mameni (), "On Definitness and Spesifity in Tűrkish and Persian", Simon Fraser University.


[i] بڕوانە لێکدانەوە جۆراوجۆرەکانی دیایکردن/دیاریکراویی لە لیمۆ محمود تۆفیق (2012: 29_33) دا! دیاریکردن بۆ (2003) Lyons، بۆ نمونە، پۆلەڕەگەزێکی/کاتەگۆرییەکی ڕێزماییینە.

[ii] محەمەدی مەحویی (2009_ب).

[iii] بڕوانە محەمەدی مەحوی (2009: 29_32) بەرگی یەکەم و لا 149 ی بەرگی دوهەم!

[iv] زانیاریەکانی ئەم پارە لە محەمەدی مەحویی (2009_ا: 149_151) ەوە وەرگیراون.

[v] بڕوانە فەرەیدوون عەبدول بەرزنجیی () و محەمەدی مەحویی () پێڕەوی بکەرنادیار.

[vi] مخەمەدی مەحویی (2016: مەنامە).

[vii] دەربارەی ڕستەی سەرجێناویی بڕوانە محمد عبدالفتاح حمە سعید (محەمەدی مەحویی) ( 2001)!.

[viii] محەمەدی مەحویی (2009_ا)

[ix] سەرچاوەی پێشوو لەگەڵ محەمەدی مەحویی (2009_ب).

[x] محەمەدی مەحویی (2009_ا).

[xi] /نان/ سەری واتاییی وشەی /نانەقەیسیی/ ەو /پییر/ ی /پیرەمێرد/ یش ئاوەڵناوەو ئاوەڵناویی بەکارنەهێنراواوە. دەبێت هاتن و دەرکەوتنی /ە/ لەنێوان دوو سەگمێنتەکەی هەر وشەیەك لەو وشانەدا پەیوەندنیی بە خوکمکردنەوە هەبێت، چونکوم نە /نان/ خوکمکەرەو نە /پییر/ یش لە ڕاستەوە بۆ چەپ توانای حوکمکردنی هەیە (بڕوانە محەمەدی مەحویی (......) !).

[xii] ئەم بە ئاوەڵفرێزکردنە وردە بەتایبەتیی بۆ ڕونکردنەوەو لێکدانەوەو ڕونکردنەوەی وشەکانی ناو سپقچاوە کوردیەکانی قۆناغەکانی خوێندن لە بنەڕەتیی تا بە ئامادەیی دەگات زۆر گرنگە، چونکوم دەبێت لەڕوی سێمانتیکییەوە بەتەواوی پەیکاڵی وشەکە بن.

[xiii] بۆ ئەم بابەتە، بڕوانە ’بارەکانی کردار‘ لە محەمەدی مەحویی (2019)دا، کە ئامادەیە بۆبڵاوکردنەوە.

[xiv] بڕوانە سازان ()!

[xv] محەمەدی مەحویی (2006).

[xvi] بڕوانە عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (2005) بەشی یەکەم!

[xvii] بڕوانە فاروق عومەر صدیق (24:).

[xviii] محەمەدی مەحویی (2016).

[xix] دەربارەی مۆرفیم و ئەلەمۆرفەکان بڕوانە محەمەدی مەحویی (2009) و (2016) !

[xx] بۆ جووت_فۆرمیی بڕوانە محەمەدی مەحویی (2016) !